# بۆپێشەوە

FORWARD

بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە


**دۆسیەی ژمارە: "خۆپیشاندانەکانی عێراق و ئایندەی سیاسی"**

**گفتوگۆ لەگەڵ ئاسۆ کەمال لە لاپەرە**

15-14دەخوێننەوە...


سالی سێهەم، ژمارە (64) 15/11/2019 | بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە | مانگی دووجار، لە (1)و(15)ی هەموو مانگێکدا دەرئەچێت


# خۆپیشاندان و ڕاپەڕینی خەڵکی عێراق دەستپێکی دەورەیەکی نوێ لە مێژووی سیاسی عێراقدایە!



خۆپیشاندان و نارەزایەتی فراوانی جەماوەری لە عێراقدا، ڕووی لە پێشرەوییە. تەنانەت ئەگەر لەم بڕگەیەدا ئەم ڕاپەرین و خرۆشانە نەتوانێت رژێم سەرنگوم بکات، یان هەموو ئامانجەکانی خۆیشی بەدەست بهێنێت، بەڵام گومان لەوەدا نییە، کەئەم هاتنە مەیدانە جەماوەرییە، سەرەتای دەورەیەکی نوێ و بڕگەیەکی چارەنووسازە لەمێژووی تازەو هاوچەرخی عێراقدا.

لەدوای روخاندنی رژێمی بەعسەوە، بەردەوام نارەزایەتی جەماوەری هەبووە و چەند جاریکیش خۆپیشاندانی جەماوەری بەشێک لە شارەکانی عێراقی گرتۆتەوە، بەڵام خۆپیشاندانەکانی ئەمجارەی ئۆکتۆبەر لەگەڵ ئەوەدا کە درێژەی نارەزایەتی و خۆپیشاندانەکانی پێشووترە، لەدریژەی بایکۆتی هەڵبژاردنەکانە کە ٧٠% خەڵک بەشداری نەکرد، لە دژی گەندەڵی و دزی و بیکاری و گرانی و دەستیۆردانی دەرەکییە، هاوکات بازدانێکی گەورە لە خۆپیشاندانەکاندا دەبینرێ.

خۆپیشاندانەکانی ئەم جارە، لەباری چەندایەتییەوە فراوانترە و زوربەی زۆری شارە گەورە و گرنگەکان و لەوانەش پایەتەختی عێراقی گرتۆتەوە، ژمارەی بەشداربووانی


بۆ لاپەڕە ٢



**ئاسۆ کەمال: خۆپیشاندانەکانی عێراق، بەشێك لەو تابلۆ جیهانیەیە کە وێتەکانی تری لە لوبنان و چیلی و فەرەنسا و ئێران و سودان و شوێتەکانی تر دەبینین کە تیایدا کرێکاران و خەڵکی کەم دەرامەت دژ بە سیستەمێکی جیهانی نیولیبرالی بورژوازی ڕاوەستاون... ل 14-15**



**تێڕوانینێکی جیاواز سەبارەت بە بریگزت، کێشە بریگزتە یان سیستەمی سەرمایەداری...ل3**



**خۆپیشاندانی شارەکانی عێراق بەرەوفروانبوون و ڕێکخراوتر بوون دەچن... ل3**

**خۆپیشاندانەکانی عێراق نارەزایەتییە بەدەسەڵاتی قەومی و تایفی....ل4**

**ساحەی تەحریری بەغدا و دەوری ئافرەتان لە خۆپیشاندانەکاندا ....ل5**

**شاروانی سلێمانی و هێرش بۆسەر هەژاران و نەداران....ل6**

**هەواڵی نارەزایەتیە کریکاریی و جەماوەرییەکان....ل8**

**شوراکان یان پەرلەمان....ل9**

**دیمانەی دیدگای سۆشیالیستی لەگەڵ عەبدولا مەحمود لە پەیوەند بەکشانەوەی هێزەکانی ئەمریکاو پێشهاتەکانی جەنگ لەکوردستانی سوریا...ل 10ـ11**

**دیمانە لەگەڵ مەنسور حیکمەت سەبارەت بە ڕێکخراوە جەماوەریەکانی چینی کریکار...ل12ـ13**

**پرسی ژن** ؟ ل6

**گۆشەی ئەدەب و هونەر** ل 7

بۆپێشەوە FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

# درێژەی ...سەروتار

خۆپیشاندانەکان فراوانترە. لەباری چۆنیەتیشەوە، رادیکاڵتر، دروشمەکانی رۆشنتر، پێکهاتەی بەشداربووانی کاریگەر ترن. بەتایبەتیش کە بەشیکی کاریگەر لە کریکاران و کرێکارانی نەوتی بەسرە و کریکارانی کارگەی غاز و یەکێتیە کررێکارییەکان عیراق چوونەتە پشتی خۆپیشاندانەکان. بەشداری ژنان بە شێوەیەکی کاریگەر و بەرفراوان لە خۆپیشاندانەکاندا. بەجیا لەوانەش حزب و لایەنە سیاسیەکان، نەیانتوانی خۆیان بە خۆپیشاندانەکانەوە هەڵبواسن و بۆ مەبەستی خۆیان و لە ململانێی نێوان خۆیاندا کەڵکی لێوەر بگرن. رەتکرنەوەی هەموو حزب و رەوتە سیاسیەکانی بۆرژوازی لە خۆپیشاندانەکاندا و وەستانەوەی بزوتنەوەی نارەزایەتی بەرووی هەموویاندا، نیشانەیەکی رۆشنی هۆشیاری سیاسی و چوونەسەری ئەو هوشیارییە، کە تایبەتمەندیەکی گرنگی خۆپیشاندانەکانە.

بوونی گۆرەپانی تەحریری بەغدا وەکو کۆکەرەوەی تورەیی و غەزب و نارەزایەتی هەموو چین و توێژە بێبەشەکانی کۆمەڵگە، و پاشان بوونی جەرگەی زوربەی شارەکانی تر بە گۆڕەپانی کۆکردنەوەی جەماوەری راپەڕیوو، بەمانای وشەکە خەباتی فەزای شاری نیشانداین. هەروەکو چۆن واڵ ستریت لەئەمریکای ساڵی ٢٠٠٨، خەباتی فەزای شاری خستەڕوو، بە وێنەی بزوتنەوەیەکی فراوان و ٩٩٪ لەدژی لەسەدا ١٪ ی کۆمەڵگە کە سەرمایەداران و کۆمپانیاو دەوڵەتی پارێزەریان بوو. بەهەمان شێوە مەیدانی سەرەکی شارەکان لە عێراقدا بوونە رەمزی بزوتنەوەی برسییەکان، بیکار و بیخانەو لانەو ئوردوی لاوانی بێکار لەدژی نەبوونی هەلی کار و بیمە و خزمەتگوزارییەکان، وە بوونە رەمزی کۆکردنەوەی ژنانی تورە لەدەسەڵاتی ئیسلامی و پیاوسالاری.... ئازادیخوازان لەدژی سەرکوتگەری و کۆنەپەرستی دەسەڵات.

پشتیوانی کریکارانی شوێنی کار، بەتایبەتیش بەشێک لە کریکارانی نەوت، کرێکارانی کارگەی غاز، یەکێتی نەقابە کرێکارییەکان لە خۆپیشاندانەکان و خواستەکانیان، بەمانای تیکەڵ بوونی خەبات لە شوێنی کار، لەگەڵ خەبات لە فەزای شاریدا، یەکێکی تر لەو خاڵە درەخشانەیە کە سیمای لێکهەپێکرانی یەکگرتوویی و هاوچارەنووسی سەرجەم بێبەشان و یەکانگیری لەسەر خواستەکانیان بەیان دەکات.

راوەستاوی چەند هەفتەی خۆپیشاندەران لەبەرامبەر ریزێکی بەرین و فراوانی بۆرژوازی و حزب و ریکخراو میلیشیا چەکدارەکانیان و وڵاتە پشتیوانەکانیان، وە راوەستاویان لەبەرامبەر بەو هەموو سەرکوت و گرتن، راوەدوونان، کوشتن و ترساندن و میلیتاریزەکردنی کەشی شارەکان... تاد، نەک نەیتوانی ئیرادەی وەگەرکەوتووی جەماوەری پاشەکشە پێبکات، بەڵکو لەلایەکەوە ترس لە سەرکوتی، رەواندەوەو لەوەش زیاتر دەسەڵاتی سیاسی ناچار کرد بەوەی کە بەڵێنی چاکسازی و جێبەجێکردنی بەشیکی زۆر لەخواستەکانی جەماوەری بدات. وە هاوسەنگی هێزی لەنیوان خەڵک و دەسەڵاتدا بەسودی بەرجەستەی جەماوەری نارازی عێراق گۆڕی. تا ئەو رادەیەی کە خەریکە حکومەتی سێبەر دروست دەبێت و تا ڕادیەکیش سەرەتاکانی لە گۆرەپانی شارەکاندا دەستی پێکردووە.

ئەو بەڵێنانەی دەسەڵاتی سیاسی ناچار بووە بە جیگیرکردنیان، لەوانەش ئەو دواین چاکسازیانەی عادل عەبدلمەهدی رای گەیاندووە، چ بە دان نان بە گەورەیی و رەوای خۆپیشاندانەکان و چ بە شکستی حکومەت و کارنامەی دەسەڵاتی سیاسی لە ساڵی ٢٠٠٣ وە، تا دەگاتە ئەو خاڵانەی کە بەڵێنی جیبەجیکردنیانی داوە، نیشانەی رەوتی روولەپێشی راپەرینی خەڵکی عێراق بەدژی دەسەڵاتێکی سەرکوتگەر و تاڵانچی و نۆکەر پیشەی بە وڵاتانی ناوچەکە.

بەڵێن دان بە (کەمکردنەوەی مووچەی بەرپرسە باڵاکان بۆ نیوە، چاوخشاندنەوەی بە مووچەی فەرمانبەران، جێبەجێکردنی سیستەمی قەرەبووی کۆمەڵایەتی، جێبەجێکردنی بیمەی کۆمەڵایەتی، مافەکانی کرێکارانی کەرتی تایبەت و خانەنشینکردنیان، قەدەغەکردنی هەڵگرتنی چەک، بەردەوامی لە رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی...)

ئەو بەڵێنانە، بەجیا لەوەی هەوڵێکی بەنەخشە و پلانی حکومەت و دەسەڵاتە بۆ کۆتاییهێنان بە خۆپیشاندان و راپەرینی خەڵکی بێبەشی عێراق، وە هەوڵیکە بۆ راکیشانی رابەران و هەڵسوارانی خۆپیشاندانەکان بۆسەر میزی گفتوگۆ و سازش کردن، هاوکات نیشانەی گۆرانی باڵانسە بەقازانجی بزوتنەوە و خەباتی جەماوەری لەبەرامبەر بە دەسەڵاتی سیاسی و دز و گەندەڵی لە لێواری قەبردا.

خۆ ئەگەر خەڵکی بێبەشی عێراق، بە هاتنەمەیدانی یەکگرتوانەو و سەربەخۆی و پشتبەخۆ بەستنی خۆی نەبوایە، بەدەیان ساڵی تر و بەدەیان هەڵبژاردن، ئەو بەڵینانەی ئێستا دەسەڵات داویەتی وەدیهاتنیان مەحاڵ بوو. ئیستاش بۆ جیبەجێکردنیان درێژەدان بە خۆپیشاندان و خەباتی ریکخراوی پێویستە و نابێت خەڵکی راپەریوی عێراق، فریوی ئەو بەڵینانە بخوات. کە لەبنەرەتەوە بۆ پاشەکشەپێکردنی خەباتی جەماوەری و خامۆش کردنەوەیەتی. خۆپیشاندەرانی عێراق، بەتایبەتیش رابەران و هەڵسوڕاوانی بزوتنەوەی کریکاری و جەماوەری، پیویستە ئەو بەلێنانەی عادل عەبدوڵ مەهدی وە سەرەتایەک بۆ راگەیاندنی حکومەتی دوو لایەنە بەدەستەوە بگرن.

لایەنێکی ئومێدبەخشی ئەم راپەرین و خۆپیشاندانانە. دروشم و خواستە بەیانکراوەکانی راپەریوانە لە عێراق، کە ناوەرۆکێکی چینایەتی رۆشن و چەپی هەیە. خاوەنی هیڵێکی سیاسی سەربەخۆیە، و هەڵگری پەیام گەلیکە، کە چینی کرێکارو بێبەشانی کۆمەڵگە داوای دەکەن، لەوانەش واوەتر بەرزکردنەوەی ئاستی خواست و داواکاریەکانە، بەپێی باڵانسی هێز و هەنگاو بەهەنگاو.


ئەم راسانە جەماوەرییە ئەگەر لەسەرەتادا، هەڵگری هەندێک خواستی دیاریکراوی وەکو هەلی کارو، بەدژی گەندەڵی و دزی و نەبوونی خزمەتگوزارییەکان بوو، بەڵام لە رەوتی بەردەوامی پیشرەوی خۆیدا، هەم ئاستی خواست و داواکارییەکان هەڵکشاوەو بووە بە خواستی راماڵینی دەسەڵاتی سیاسی و روخاندنی رژیم. هەم لەگەڵ خۆیدا خەریکە رابەری بۆخۆی دەستبەر دەکات و ئەو بۆشایی و لاوازییەی خۆی پڕ دەکاتەوە. بەدەستەوە گرتنی تاکتیکەکان، لە تیکەڵکردنی مانگرتن و خۆپیشاندان و کۆبونەوەکان، لێک هەڵپێکانی خەبات لە ناوەراستی شارەکان لەگەڵ مانگرتن و پشتیوانی کرێکاران لە شوێنی کار، تا شێوازی هەڵسورانەکان لە گۆرەپانی تەحریر، دابەش کاری لێپرساوەتییەکان، سەرەتای ئاڵوگۆڕیکی ئومید بەخشە بۆ داهاتووی خۆپیشاندان و راپەرینی ئیستای خەڵکی عێراق.

تائیرە، بزوتنەوەی جەماوەری خەڵکی عێراق، سەرکەوتنێکی بێ وێنەی تۆمارکردووە. ئەم بزوتنەوەیە ڕیگەی گەڕانەوە بۆ دواوەی لەخۆی بەستووە و لە پێشرەویدایە... گەورەترین پێشرەویش تەریک کردنەوەی هەموو رەوت و بزوتنەوە سیاسییە کۆمەڵایەتیە بۆرژوازییەکان لە دینی و مەزهەبیەوە، بۆ قەومی و تایفیەکانە... کۆبونەوەی خەڵکی بێبەشە بێ گویدانە ناسنامەی دابەشکارییەکانی دەسەڵات و حزب و لایەنەکانیان... هەروەها تیکەڵ بوونی خەبات لە کەشی شاریدا لەگەڵ پشتیوانی کریکاران لە شوێنی کاردا، بەشداری ژنان و لاوان و پەرینەوەی بۆ زوربەی شارەکانی عێراق و دامەزراندنی سەکۆی خەباتکارانەیە لە گۆرەپانی شارەکاندا، تا دەگاتە خستنە رووی دروشم و خواستی گشتگیر و رەوا... هەموو ئەوانە لە میژووی تازەی عێراقدا، تازەو سەرمایەکی گەورەیە. بیگومان هاتنەدەرەوەی رابەریەکی کارا و شۆرشگێر لەناو دڵی ئەو بزوتنەوە فراوانە رادیکاڵ جەماوەریەدا، یان بەدەستەوە گرتنی لەلایەن چەپ و کۆمۆنیستەکانەوە و خەتدارکردن، ریکخراوکردن، و ئاسۆدارکردن و رادیکاڵ کردن، ناسینی باڵانسی هێز...تاد ئەو زەمانەیە کە بۆ خەبات و تیکۆشانی داهاتوو، لە راستای کۆتاییهێنان بەو دەسەڵاتە رەشەی سەرمایەدا. رۆڵی یەکلاکەرەوە دەگێڕێت. ئەوەی کە زۆر گرنگە، پیویستە رابەران و هەڵسوراوانی ئەم راپەرین و بزوتنەوە هەمەگیرە شاری و ئازادیخوازانەیە، ئامادەییان هەبێت بۆ رووبەرووبونەوەی پیلانەکانی بۆرژوازی، کە خۆی لەخامۆشکردنەوەی خۆپیشاندانەکان بە بەڵێنی درۆ، یان پەرەدان بەسەرکوتی خوێناوی، یان بە هێنانە گۆری باسی هەڵبژاردنی پێش وەختە، هەڵوەشاندنەوەی حکومەتی ئیستا و دروستکردنی حکومەتی رزگاری نیشتیمانی، کەم کردنەوەی کورسیەکانی پەرلەمان، تا ئامادەیی بۆ ئەگەری رووبەڕووبونەوە لەگەڵ کودەتای سەربازی... کە هەموو ئەمانە لەلایەن بۆرژوازی و وڵاتانی دەرگیر لەدۆخی عێراقدا پیشبینی کراوان بۆ لەباربردنی خۆپیشاندانەکان و راپەرینی ئیستای خەڵکی عێراقە.

لەهەموو حاڵەتێکدا، خۆپیشاندان و راپەرینی خەڵکی عێراق، چ بەوەی بەرەو سەرکەوتنی یەکجاری بڕوات و کۆتایی بەدەسەڵاتی بۆرژوازی بهینێت، و دەسەڵاتێکی دامەزراوی پشت بەستوی جەماوەری و ئازادیخوازانە دابمەزرێنێت و چ بەوەی پاشەکشەی پێبکرێت و خامۆش بکرێتەوە، میژوویەکی نوێی نەخشاند، میژوویەک کە ئاستی خەبات و هۆشیاری سیاسی و شۆرشگێری بردە ئاستێکی باڵاوە، کە پاشەکشەکردن پێی مەحاڵە. ئەم پێشرەوی و دەستکەوتانەی تا ئیستا راپەرینی خەڵکی عێراق بەدەستی هێناوە، سەرمایەکی گەورەیە بۆ رووبەروو بووەکانی شۆرشی بێبەشان لە ئایندەشدا. ئەگەر ئەم راپەرین و شۆڕشە بتوانرێت خامۆش بکرێت، بەڵام کورت ماوە دەبێت و بە هێزی گەورەترەو بە ئامادەیی زیاترەوە دەردەکەوێتەوە.

## ئەم مانگەش دوو کرێکاریی تر بوونە قوربانی نائەمنی شوێنی کار

بەرواری ٦ ئەم مانگە، دوو کریکار بەناوەکانی " سێبور محەمەد و مەحمود سەعید" لەکاتی کارکردنیان لە باڵخانەیەک لە شاری رانیە، بەهۆی کەوتنەخوارەویان لەسەر ئەسکەلەیەکی کارکردن و کەوتنی بلۆک بەسەریاندا گیانیان لەدەست دا.... جێگای وەبیر هێنانەوەیە دوو هەفتە پیش ئەم رووداوەش، دوو کرێکاریی تر لە ناحیەی بازیان، بەهۆی نائەمنی شوێنی کارەوە گیانیان لەدەستدا...



قوربانیانی شوێنی کار بەهۆی نائەمنی شوێنی کار و کەمی پێداویستیە تایبەتیەکانی کارەوە، تا دێت زیاد دەبێت... لەوەش مەرترسیدار تر ئەوەیە حکومەت و دەسەڵاتی هەرێم هیچ بەرپرسیارییەتیەک ناگرنە ئەستۆ... ئەوەش وای کردووە سەرمایەدارەکان و کۆمپانیاکان، بێ سڵەمینەوە گوێ بە شوینی کاری کرێکاران و دابین کردنی پێداویستیەکانی کارکردن نەدەن و باکیان لەقوربانیانی شوێنی کار و پەرەسەندنی قوربانیانی نەبێت... کریکاران لەهەر رشتەو بەشێک بن، پیویستە ڕیکخراوەی سەربەخۆی خۆیان بۆ بەرگری لەخۆیان و لەخواستەکانیان و داسەپاندنی مافەکانیان بەسەر کۆمپانیاو سەرمایەدارەکان، پێک بهێنن.

# تێڕوانینێکی جیاواز سەبارەت بەبریگزت کێشە بریگزتە یا سیستەمی کاپیتاڵیستی؟

**سالار حمه سەعید**

کێشەی چوونە دەرەوەی بەریتانیا لە یەکیەتی ئەوروپا کێشەیەکی نوێ نییە. هەر پاش ١٠ ساڵ لە پەیوەست بوون بە یەکیەتی ئەوروپاوە لەساڵی ١٩٨٣ دا حزبی لەیبەر یەکەمین حزب بوو لە مانیفێستی هەڵبژاردنەکانیدا داوای جیابوونەوەی ڕاگەیاند، دواتر لەناو حزبی کۆنسێرڤەتیڤ گرووپێک دەرکەوتن بە ناوی "یۆرۆ سکێپتیک" کە ڕەشبین بوون بە یەکیەتی ئەوروپا و کێشە ئابووریەکانی بەریتانیایان دەگەڕاندەوە بۆ پەیوەست بوونیان بە یەکیەتی ئەوروپاوە. تا لەژێر فشاری زۆردا ناچار دەیڤد کامرون ریفراندۆمی راگەیاند و لە مانگی حوزەیرانی ٢٠١٦ دا ئەنجامدرا و لایەنگرانی جیابوونەوە سەرکەوتن.

ئەوەی لێرەدا جێگەی باسە لە کێشەی بریگزتدا پرسیارێک کە خۆی قووت دەکاتەوە ئەوەیە ئایا ریشەی کێشەکان وەک دەخرێتە ڕوو لەلایەن لایەنگرانی جیابوونەوە لە یەکیەتی ئەوروپا مانەوەیە لە یەکیەتی ئەوروپادا، یاخود کێشەکە لەشوێنێکی تردایە. هەندێک دەکرێ رەخنە بگرن و بڵێن بۆچی ئێمە دەبێ پشتیوانی بکەین لە مانەوە لە چوارچێوەی یەکیەتی ئەوروپادا و بریگزت ڕەتکەینەوە، چونکە مانەوە یانی پشتیوانیکردن لە یەکیەتی ئەوروپا و سیاسەتەکانی، کە دیارە سیاسەتەکانی یەکیەتی ئەوروپا وەک سیاسەتی هەریەک لەحکومەتەکانی وڵاتە جیاجیاکانی ئەوروپا پەیڕەویکردنە لە تەقەشووفی (ئۆستێرتی) نیولیبراڵی. یاخود دەکرێ بوترێ بریگزت یانی جیابوونەوە لە یەکیەتی ئەوروپا و لە سیاسەتە ئابووریە پڕ لە جەورو ستەمەکانی نیولیبراڵیزمی یەکیەتی ئەوروپا. لەکاتێکدا ڕەخنە دەگرین لە سیستەمی سەرمایەداری و نیولیبراڵیزمێک کە پەیڕەوی دەکرێ و لەهەمانکاتدا ڕەخنە لە بریگزت دەگرین کە چوونە دەرەوەیە لە یەکیەتی ئەوروپا وسیاسەتی دژی مرۆیی تەقەشووفی نیولیرالی.

بۆچی ئەم دژایەتیە؟ بۆچی چوونەدەرەوەی بەریتانیامان لەئەوروپا پێ کارێکی نادروستە؟ ئەوەشمان لەبەرچاو بێت کە ئەو یەکیەتی ئەوروپایەی کە ئێمە ئارەزوو دەکەین بەریتانیا لەنێویدا بمێنێتەوە، پابەندبوون و وەفاداری خۆی بۆ تەقەشووفی نیولیبراڵیزم چەندەها ساڵە ڕاگەیاندوە و پیادەی دەکات بەسەر ئیرادەی زۆرینەی خەڵکی ئەوروپادا. ئەگەرچی ئەوە حکومەتەکانی نێو یەکیەتی ئەوروپا بوو کە بارێکی قورسی لەتاقەت بەدەری خستە سەر شانی زۆرینەی خەڵک دوابەدوای قەیرانە ئابووریە گەورەکەی ساڵی ٢٠٠٨ بۆ نەجات دان و رزگارکردنی بانکەکان و کۆمپانیا زەبەلاحەکانی کۆمەڵگەی سەرمایەداری. قەیرانە گەورە جیهانیەکەی سیستەمە تێکشکاوەکەی سەرمایەداری رزگار کرد بە پێدانی کۆمەک ویارمەتی بە بانق و کۆمپانیا تێکشکاوەکان لەسەر حسابی کارو وزەو توانای کرێکاران و کەم دەرامەتەکانی کۆمەڵگە. بەوەی خزمەتگوزاریەکانیان کەمکرایە وە ، یاخود بەتەواوی بڕا وە بڕی هەقدەستەکانیان کەم کرایەوە وە یا سەعات کارەکانیان درێژکرایەوە. ئەڵبەتە ئەبێت لەبیرمان نەچێت کە ئەمە ئەو یەکیەتی ئەوروپایەیە کە ئێمە دەمانەوێ بەریتانیا تیا بمێنێتەوە وجیانەبێتەوە. کەواتە کێشەکە لەچیدایە؟ ئایا ئەم کێشانەی کە رووبەڕووی بەریتانیا




دەبنەوە هۆکارەکەی بریگزتە؟

کێشەی سەرەکی بریگزت ئەوەیە کە هیچ ئاسۆیەک نییە و هیچ بەڵگەیەک نییە بۆ باشترکردنی بارو ڕەوشەکە. بەکورتی خەڵک و زۆرینەی خەڵک ناچار دەکرێ کە هەڵە وکێشە بنەماییەکانی سیستەمێک کە لە قەیراندایە بخرێتە ئەستۆی. هەروەها ئەوە ڕاستە کە یەکیەتی ئەوروپا بارو ڕەوشێکی بۆ خەڵک هێناوەتە پێشەوە کە دەستی ئەوانی تیا نییە، بەڵکو ئەوە سەرمایەداران و سیستەمی سەرمایەداریە کە ئەو قەیرانەی تووشی بوون دەیانەوێ خەڵک باجی زەرەرو زیانەکانی بدات، بەڵام لەقازانج و بەهرەو سوودەکانی هاوبەشیان ناکات. کێشەی بریگزت لەوەدایە کە هیچ هۆکارێک یا بەڵگەو دەلیلێک نییە کە باوەڕ بکەین کە چوونە دەرەوەی بەریتانیا لە یەکیەتی ئەوروپا دەبێتە مایەی گەشەی ئابووری و کێشە بنەڕەتیەکانی سیستەمی پڕ لەقەیرانی سەرمایەداری چارەسەر دەکرێ. بڕیگزت ڕەچەتەیەکی جادوویی نییە کە هەموو ئەم کێشە قووڵ و ڕیشەدارانە حەل و فەسڵ بکات و ئەم بارو ڕەوشە بەرەوباشبوون بەرێت. سەرەڕای گەشەی بەرچاوی حزبی لەیبەری کۆربن، حزبی موحافزین حزبێکە هەژموونی زیاتر و سایەی زیاتری کردوە لەبەریتانیادا. ئەم حزبە واتە کۆنسێرڤەتیڤ پابەندە بە تەقەشووفی نیولیبراڵی و پێدەچێ توانای شکاندنی ئەو قاڵبە سونەتی و کولتووریەی نەبێت بەهیچ شێوەیەک. یاخود ئەوەیە سیستەمی سەرمایەداری چاوەڕوانی فریادڕەسێکی وەک دۆناڵد ترەمپە کە رزگاری کات لەو قەیرانە قووڵەی کە تووشی بووە. کێشەکە ئەوەیە کەچوونە دەرەوە لە یەکیەتی ئەوروپا ڕێگە چارە نییە بۆ ئەو کێشانەی بەریتانیا. کێشەی خەڵکی بەریتانیا بریتییە لە سیستەمی ئابووری کە کاپیتاڵیزمە/ سەرمایەداریە، کە لەلایەن کۆمەڵێک سەرمایەدارەوە بەڕێوەدەبرێ لەناو یەکیەتی ئەوروپا و دەرەوەی یەکیەتی ئەوروپا. ئەمە جەوهەری کێشەکەیە، کەواتە ئەوە هەڵەیە کە وابزانین کێشەکە بە جیابوونەوە چارەسەر دەکرێ لە شەو و ڕۆژێکدا نەخێر ئەوە هەڵەیە. خەڵکی بەریتانیا دەبێ خۆی رووبەڕووی کێشە ئابووریەکانی ببێتەوە لەناوخۆی بەریتانیادا. واتە کێشەکە پەیوەندی بە سیستەمی ئابووری سەرمایەداریەوەیە کە لە قەیرانێکی قووڵ دایە و دووبارە کاتی هاتووە، وەک ساڵانی ٢٠٠٨ و ساڵەکانی دواتر جارێکی تر نقوومی قەیرانێکی گەورەی تر بێتەوە.

**٩ی نۆڤەمبەری ٢٠١٩**

# خۆپیشاندانەکانی شارەکانی عێراق، بەرەو فراوانتر و ڕێکخراوتربوون تر دەچن

لەرۆژی دوو ئۆکتۆبەرەوە جارێکی تر غەزەبی جەماوەری بێبەش، کریکاران و لاوان و خەڵکی بەشمەینەتی عێراق، بەرووی دەسەڵاتی تاڵانچی و دەسەڵاتی میلیشییایی بووە. لەو رۆژەوە تا ئیستا خۆپیشاندانەکان بەردەوامن و بەسێکی زۆری شارەکانی عێراقی گرتۆتەوە... لە دریژەی ئەو خوپیشاندان و نارەزایەتیە جەماوەرییەدا، تا دێت خۆپیشاندانەکان فراوانتر دەبنەوە... ئەگەر لە رۆژانی یەکەمی خۆپیشاندانەکاندا، گومانێک هەبوو کە ئەوە زادەی ململانێیی نیوان حزب و میلیشیاکان و ناڕیکی ناو ماڵی "شیعی"ە،



بەڵام بەرەتکردنەوەی بەکردەوەی هەموو لایەنەکان و گڕدانی بارەگای هەموو لایەنەکان، ئەو گومانە رەوێنرایەوە. ئەگەر سەرەتا تەنها گۆرەپانی تەحریر شوێنی کۆبونەوە نارەزایەتی فروانی جەماوەری بەغدا بوو، وەکو بزوتنەوەیەکی رەمزی بۆ خواستی گەورە، ئەوا ئیستا لەزوربەی ئەو شارانەی عێراقدا گۆرەپانی کۆبونەوەی جەماوەری دیاریکراوە...ئەگەر پیشوو تر کۆبونەوکان زۆر لە گۆرەپانە گشتیەکان دەبوون، ئەوا ئیستا کۆبونەوەو خۆپیشاندانەکان بەرەوە شوێن تر دەکشێن. ئەگەر پیشتر خۆپیشاندانەکان کۆبونەوە و وتاردان و خستنە رووی داخوازییەکان بوو، ئیستا بەرەو دەست بەسەراگرتن و کۆنترۆڵکردن پشیوانی کریکاران بە بەشیک لە کرێکارانی نەوتی بەسرەشەوە دەستی پێکردووە، ئەگەر پیشتر بەشداری ژنان کەم و نابەرجەستە بوو، لە ئیستادا بەشداری ژنان تا دێت فراوانتر دەبێتەوە و سیمایەکی زۆر جوانی بەخشیوە بە خۆپیشاندان و کۆبونەوەکان... ئەگەر پێشووتر ئاستی ریکخراوبوون لاواز بوو، ئەوا ئیستا دەستبردن بۆ کاری رێکخراوبوونی خۆپیشاندانەکان، لە دابەشکردنی خۆراکەوە بۆ هاوکاری یەکتری، بەرینتر دەبێت... ئەگەر پیشوتر دروشم و داخوازییەکان ناچاری و سنوردار بوون، ئەوا ئیستا دروشمەکان رووی لە گۆڕێنی دەسەڵاتی سیاسییە و روخاندنی حکومەتە... دەسەڵاتی سیاسی بەمەبەستی خامۆشکردنەوەی خۆپیشاندانەکان و رەوانەکردنەوەی جەماوەری نارازی بۆ ماڵەوە ملی بەدەیان بەڵێن داوە، بەڵام بەوهۆیەوە کارنامەی ئەو دەسەڵاتەو بەڵینەکانی کاتی هەڵبژاردنیان بەشوێنێک نەگەیشت و لە جێگایدا، پرسی تاڵانی دەیان ملیار دۆلاری بۆتە ویری سەر زمانی میدیا و لەوەش واوەتر جەماوەری نارازی...

کرێکاران و جەماوەری بێبەشی عێراق، هێشتا لە راستای روخاندنی ئەم رژێمە هارو سەرکوتگەر و تالانچیەی سەرمایەدا، رێگایەکی دریژتریان لەبەردەمدایە. رێکخراوبوون لە شوێنی کار و ژیان، و ئاسۆی سیاسی رۆشنی خەباتکارانەی سۆشیالیستی، پیکهێنانی کۆمیتەکانی گەرەک و کارگەکان بۆ سەرپەرشتی خۆپیشاندان و وەریخستنی مانگرتنەکان، کۆنترۆڵ کردنی چەرخەکانی بەرهەم هێنان، پیک هێنانی شوراکان و بۆ بەڕیوەبردنی گەرەک و کارگە و کارخانەکان، لەجیگای دەسەڵاتی بەزۆر داسەپاو... ئەو ئەرکانەن، کە لەدریژەی خۆیدا دەتوانێت بەرگێکی رادیکاڵتر ببەخشێت بە نارەزایەتیەکان و ئایندەی سەرکەوتنیشی هەنگاو بەهەنگاو بنەخشێنێ... دیارە بەهەمان ئەندازەی ئەو خۆپیشانادن و نارەزایەتیە جەماوەریانە، ریکخراوتر، رۆشنتر لە داخوازییەکان، پیادەکردنی دەسەڵاتی جەماوەری لەو شوینانەی ئیمکانی هەیە، وە نیشاندانی ئەلگۆی خۆبەرێوەبەری سەرکەوتوو، بە گرتنە بەری رێ و شوێنی گونجا و بەرقەراکردنی یاساو ریسای بەرابەری خوازانەو ئینسانی و پیشکەوتوانە،... دەتوانێت هاوپشتی ناوچەیی و جیهانی بۆ پشتیوانی لە خۆی دەستبەر بکات و دەستی سەرکوت و ملهوریش ببەستێت...



# خۆپیشاندانەکانی عێراق ناڕەزایەتییە بەدەسەڵاتی قەومی و تائیفی!

**نووسینی: نوری بەشیر**

ناڕەزایەتییەکانی ئێستای عێراق و لوبنان دەوریەکی نوێی لە خەباتی جەماوەری لە خوارەوەی کۆمەڵگەی خستەبەردەم رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان. دەورەیەک کە ریزی ملیۆنی خرۆشان و تورەیی خەڵک لەحکومەتی قەومی و مەزهەبی و تایفی و بنەماڵەیی و میلیشیایی و ناسیونالیزمی دەسەڵاتدار کە دەستیان گرتووە بەسەر ناوچەکەدا، هاتونەتە شەقام و ناوەندەکانی شار و خۆپیشاندان و مانگرتن و نا وتنیان بە هەموو سیستەمی دەسەڵاتدار و حزبە رەنگاورەنگە قەومی و تائیفی و دینیەکان، راگەیاندووە. ئەم ناڕەزایەتیانە تا ئەو ڕادەیەش رۆشتووە کە پیرۆزییە قەومی ئایینەکانی لە چەشنی حزبەکان و کەسایەتیە ئایینیەکان و دڵسۆزیان بۆ خاک و نیشتیمان خستۆتە بەردەم هێرشی ناڕەزایەتی خۆیان. گرنگی ئەم ناڕەزایەتیانە، نەک تەنیا دەسەڵاتدارانی ناوخۆی کردۆتە نیشانە، بەڵکو حکومەتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە و بەتایبەت ئێران و دەخالەتی لەعێراقدا کردۆتە ئامانج و داوای چوونە دەرەوەیان دەکەن.

ناڕەزایەتیەکانی ئەمجارەی عێراق، تەجروبەکانی بەهاری عەرەبی و ١٧ی شوباتی کوردستانی لەبەردەمدایەو هەر لەسەرەتای دەستپێکردنەوە ئاستی ئەو ناڕەزایەتیانەی بەجێهێشت، کە رۆشتنی دەسەڵاتیان راستەخۆ نەکردە ئامانج و خۆشباوەڕییان بە هێزەکان و سەرکردە ئۆپۆزسیۆنەکان هەبوو. بەجیا لەوەی ئەم ناڕەزایەتیانە هێشتا ئایندەی دیارنییە کە بەرەو کوێ دەڕوات!، بەڵام هەموو سیستەمی دەسەڵاتدارێتی خستۆتە بەردەم هێرش و تورەیی خۆی کە لەگەڵ هەموو هێرشێکی زیاتری میلیشیاکانی دەسەڵاتدا ئەمان هاوار دەکەن و دەڵێن "جەماوەر دەیەوێت دەسەڵات بڕوخێت"، وە ئەمەش هەموو حزبە قەومی و دینی و میلیشیاکانی خستۆتە بەردەم ترس و دڵەڕاوکێ و پاشەکشە. ئەوەبوو لە لوبنان حەریری ناچار بە وازهێنان کردو لە عێراق بەرهەم ساڵحی هێنایە سەر شاشەی تەلەفزیۆن کە وتی ئامادەکاری بۆ وەڵامدانەوە بە خواستەکانی خۆپیشاندەرانین و عادل عبدولمهەدیش ئامادەیە بۆ دەست لەکارکێشانەوەو سەدری ناچار کرد بچێتە ناو خۆپیشاندەران و بە هاوار دەرکراو سیستانی گەورە مەرجەعیەتی مەزهەبی کەتۆتە بەر رەخنەو ناڕەزایەتی توندەوە.

ترس لەم ناڕەزایەتیانەی کرێکاران و کەمدەرامەتی کۆمەڵگە، تەنیا ترسی نەخستۆتە هەناوی بۆرژوازی دەسەڵاتدار بە قەومی و ئیسلامیەوە، بەڵکو خەوی لەبۆرژوازی ناوچەکەو جیهانیش زڕاندووە، خامنەیی دەڵی ئەم ناڕەزایەتیانە دەستی لەپشتەوەیەو دەبێ کۆتایی بێت و ژمارەی سەرانی جمهوری ئیسلامی هاوشانی قاسم سولەیمانی و پاسدارانی بۆسەرکوتی خەڵک زیادکردووە لەعێراق، ئۆردوغان لەگەڵ ئەزمەیەکی گەورەی ناوخۆیی رووبەڕووەو بەناچار هێرشی فاشیستانەی بۆسەر کوردستانی سوریا دەستپێکردووە، وە بەشێوەیەک لە ناڕەزایەتیەکانی عێراق و لوبنان توقیوە و دەڵێ کاریگەری خۆپیشاندانەکان لەسەر ئێران دەبێت. وڵاتە ئیمپریالسیتەکان لە رێگای نوێنەرەکانیان و نوێنەری نەتەوە یەککگرتووەکانەوە دەڵێ ئەم خۆپیشاندانانە ئابوری عێراق وێران دەکات، بەڵام لەولاوە ژنان و لاوان خەڵتانی خوێن دەکرێن، دەڕفێنرێن و تیرۆر دەکرێن، بەڵام ئەوەندە قسە لەسەر ئەمە دەکەن کە ئەو ئابوریەی مەبەستیانە لەژێر دەستی هاوپەیمانەکانیان دەرنەچێت و نەکەوێتە دەست خەڵک.

ئەم خرۆشانە جەماوەریە گەورەیە ئەگەرچی خۆرسکە، بەڵام بەدژی تاڵانکاری کۆمەڵگایە، بەدژی سەرکوت و سەپاندنی هەژاری و نەداری و بێکاری و فەزای کۆنەپەرستانیە کەسەپاندویانە بەسەر کۆمەڵگەدا، بەدژی فەساد و سەپاندنی دەسەڵاتی میلیشیاییە کەسەراسەری وڵاتی گرتۆتەوە و عێراقی کردووە بە یەکێک لە سەرکوتترین وڵات و گەندەڵترین وڵاتانی ناوچەکە و ئایندەیەکی ترسناک چاوەڕێی خەڵک دەکات. بۆیە ناڕەزایەتیەکانی خەڵک بۆ پێداویستیە سەرەتاییەکان لە ئاو، کارەبا، کار، خۆشگوزەرانی و بەدژی هەژاری و برسێتی و بۆ ئازادیە. ناڕەزایەتیەکان بەپێچەوانەی ناسنامەی ساختەی قەومی دینی و ناسیونالیستی دەسەڵاتەوە کە ژمارەیەک حزب و میلیشیای جۆراوجۆر لەسەر ئەساسی بەرژەوەندی ئابوری و سیاسی خۆیان و کەمایەتیەک کە جومگە ئابوری و سیاسیەکانی کۆمەڵگەیان گرتووە بەیارمەتی وڵاتە زلهێزەکان و وڵاتانی کۆنەپەرستی ناوچەکەوە، هەرچی بەڵایە بەسەر خەڵکیاندا هێناوە، هەویەتی کۆنەپەرستی قەومی و دینی لە شیعەو سونە و کورد وتورکمانیان داتاشیوە و دەرخواردی کۆمەڵگەی دەدەن، ریزی ملیۆنی ناڕەزایەتیەکان لە بەغدادەوە تاکو بەیروت پێکەوە هاواریانە بەدژی دەسەڵاتی فەسادو سەرکوت و تائیفی و بەدژی هێرشی کۆنەپەرستانەی قەومپەرستی و مەرجەعیەتی دینی و ژێرپێنانی وەعدەو بەڵێن و فتواو بەڵێنەکانیان، بەدژی جمهوری ئیسلامی ئێرانە. ئەوەی لەم خۆپشاندان و ناڕەزایەتیانەدا بەرجەستەیە، خەڵکی ناڕازی عێراق و لوبنان تیادا وشیارن و بەتەواوی هەستی پێدەکەن، راوەستانیانە بەرامبەر هەموو دەسەڵاتی کۆنەپەستی ناوچەکە، واتە تەنیا بەدژی کۆنەپەرستی قەومی و مەزهەبی وڵاتەکانیان نەوەستاونەتەوە، بەڵکو بەدژی کۆنەپەرسترین رژێمی ناوچەکەش کە جمهوری ئیسلامی ئێران و نوێنەرەکانیان لەم وڵاتانەدا وەستاونەتەوە. ناوتن بۆ ئێران و وتنی " ئێران بۆ دەرەوە بۆ دەرەوە" و سوتاندنی وێنەکانی خومەینی و خامنەئی و عامری و قاسم سولەیمانی، دەوریەکی تازەیە لە ناڕەزایەتی بۆ کۆتایهێنان بە دەورو نفوزی جمهوری ئیسلامی ئێران و دەخالەتی لە عیراق و لوبنان، کە سەرکەوتنی ئەم هەنگاوە لە داهاتوودا لە سوریا و یەمەن و کوردستانی عێراقیشدا ئێران دەستکۆتا دەکرێت.

ئەوەی گرنگە ئەم ناڕەزایەتیانە زەنگی مەرگی رۆژهەڵاتێکی قەومی مەزهەبی و تائیفی لێدەدا، کە حکومەتە قەومی و دینیەکانی ناوچەکە بەکوردستانیشەوە هەمیشە مەسەلەی قەومی و پیرۆزیەکانیان وەک ژەهر دەرخواردی خەڵک داوە، هەروەک لە دروشمی خۆپیشاندەرانی عێراقدا بەرزکراوەتەوە و دەڵێن " نیشتمان بۆ دەسەڵاتداران و نیشتمان پەروەریش بۆ هەژاران"، واتە سەروەت و سامانی کۆمەڵگە بۆ دەسەڵاتدارانێک کە بەهێزی میلیشیا و خۆشباوەڕی مەزهەبی دەستیان بەسەر کۆمەڵگەدا گرتووەو هەریەکە خاوەنی چاڵە نەوتێکە، بۆ پارێزگاریش لەو چاڵە نەوتانە و سەرکەوتنیان لەبەرەی جەنگدا بەدژی داعش و دوژمن شکاندن، ئەوە خراوەتە ئەستۆی خەڵکی کرێکار و هەژارانی کۆمەڵگە کە لەگەڵ دەرهێنانی هەر برە نەوتێکی زیاتر ئەمان برسیتر دەکات، لەگەڵ تێکشانی دوژمنەکانیان، نەبوونی و نەداری و برسێتی ماڵ ومنداڵەکانیان بێبەشتر دەکات لەسەرەتایترین مافی ئینسانی.


ئەم دەورە نوێیە لە ناڕەزایەتیەکان لە عێراق و لوبنان، بەشێکە لە ناڕەزایەتیەکان لەجیهاندا، لە چیلی، ئیکوادۆر، جەزایر، سومال و ناڕەزایەتیە رۆژانەییەکان بۆ خواستی کارو کرێ و گرانی لە وڵاتە سەرمایەداریە گەورەکان لەجیهاندا، کە هەموو ئەمانە ترسی خستۆتە بەردەم هەموو حکومەتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە، ئەم دەورەیە لەناڕەزایەتی چارەنوسی حکومەتانی قەومی و مەزهەبی خستۆتە بەردەم ئەزمەیەکی قوڵ و تەجروبەیەکە کە کۆمەڵگە بیربکاتەوە کە ئەو جۆرە دەسەڵات و حزبانە بەهەر شێوەیەک ئاڵوگۆڕ لەخۆیان نیشانبدەن، بەهەردەرەجەیەک ریفۆرم بکەن، بەڵام هیچ لەناوەرۆکی دەسەڵاتدارێتی سەرمایەداران کە حزبەکانی بۆرژوازی قەومی و دینی نوینەرایەتی دەکەن ناگۆڕێت، تەنیا دەسەڵاتی ئەم حزبێک بەحزبێکی ترو بەشداری لە حکومەت و دابەشکردنی سەروەت و سامانی کۆمەڵگە لەنێو خۆیاندا دەکاتە بەشی زۆربەی کۆمەڵگە. نموونەی میسر، لیبیا، یەمەن و کوردستان راستیەکی تری ئەو هەلومەرجەیە کە عێراق و لوبنانی تیایە.

هەربۆیە بۆ کۆتاییهێنانی یەکجاری بەو مەرگەساتەی کەخەڵکی کرێکار و کەمدەرامەتی کۆمەڵگەی تیایە، بۆ دەستکۆتاکردنی دەستی چەپەڵی دژی ژن و دژی مەدەنیەتیەک کە لاوان خوازیارین، بۆ روخانی دەسەڵاتی دژی کرێکار، رێگاچارە حکومەتی جەماوەری کرێکاران و چەساوەی خوارەوەی کۆمەڵگایە. رێگاچارەی بەسەرکەوتن گەیاندنی ئەم ناڕەزایەتیانە بۆ داواکاری و خواستەکانیان لە ئازادی و خۆشگوزەرانی و کارو رزگاربوون لە خۆشباوەڕی مەزهەبی و قەومی و میلیشیاکانیانە، رێکخراوبوون لە شوراکاندایە و نەک تەنیا لەمەیدانی تەحریری بەغداد و مەیدانی ناڕەزایەتیەکانی بەیروتدا، بەڵکو خۆ رێکخراو کردنە لەهەموو گەڕەک و کارگە و زانکۆکاندا.

بەهاری عەرەبی و بەدوایدا سودان و ئێستای چیلی، جەزایر، ئەوەی سەلماند کە بۆرژوازی هێزی رێکخراوی هەیە، کە هەموو بۆرژوازی نەک وڵاتەکانیان، بەڵکو وڵاتانی تری کۆنەپەرستی ناوچەکە هاوڕاو هاودەست و بەهانای دەسەڵاتەکانیانەوە دەچن، هەموویان بەدەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنەوە لەبەرامبەر شەپۆلی ناڕەزایەتی خەڵکدا کێشەکانیان دەخەنە لاوەو یەکدەست دەبن بۆ پاشەکەشە بە ناڕەزایەتیەکان، لە کوردستان ئەمە کراو ئەم رۆژانە هەموو هێزە قەومی و دینیەکان، لەچەشنی عادل عبدولمهدی، بەرهەم ساڵح، حەلبوسی، عامری، قاسم سولەیمانی، سەدر و حەکیم و کوردەکانی، لەسەر یەک مێز کۆدەبنەوە.

بۆیە رێزی ملیۆنی ناڕەزایەتیەکانی ئێستا کە پێکهاتووە لەکرێکاران و قوتابیان و لاوان و باقی خەڵکی ستەمیدەی کۆمەڵگە هەروەک چۆن هەموو پێکەوە بەبێ هەویەتی قەومی و دینی و تائفیەوە، بە ژنان و پیاوانەوە هاتوونەتە مەیدان، پێویستە هەرواش لە دەورەی بەدیل و ئاسۆیەکی رۆشن کۆببنەوە بۆ هینانەدی خواست و داواکانیان، بۆ ئاڵوگۆڕی ریشەیی کۆمەڵگە، کە ئەویش بە بەدیلی سۆشیالیستی و کرێکارییەوە بەستراوە، بە خۆ ڕێکخراوکردن لەدەوری ئاسۆی سۆشیالیستی و لەدەوری حزبی کۆمۆنیستی و کرێکاری کە تاکە زامنی خواست و دواکانیانە کەبۆی هاتوونەتە مەیدان و ئاڵوگۆڕی ریشەیی لەکۆمەڵگەدا بەوجود دەهێنێت، ئەم دەورە نوێیەو دەرسەکانی ناڕەزایەتیەکانی بەغداد و لوبنان دەتوانێت جێگاوڕێگا بگرێت و ببێتە دەرسێکی کاریگەر بۆ ناوچەکە وجیهان.

**ناوەڕاستی نۆڤەمبەری ٢٠١٩**



# ساحەی تەحریری بەغداو دەوری ئافرەتان لە خۆپیشاندانەکانی عێراقدا

## نووسینی: ئەکرەم عەبدوڵا



له دوای 16 ساڵ لەدەسەڵاتی ئیسلامی و تائیفی و قەومی لە عێراقدا بۆ یەکەمین جارە بەوشێوە بەرفراوان و گشتتیە خەڵکی ناوچەکانی ناوەراست وخوارووی عیراق خۆپیشاندان ئەکەن دژی دەسەڵاتە تاڵانچی و سەرکوتگەرەکەی ئیسلامی سیاسی کەسەر بە باڵی شیعە مەزهەبی ئێرانن.

بە پێچەوانەی نەریتی باوەوە کە حیزبە ئیسلامیەکان سەپاندویانە بەسەر کۆمەڵگەدا کە ئەبێت ئافرەتان لەماڵەوە بن و کەمتر دەر بکەون لەچاو پیاواندا، وە تەنانەت ئەو یاسا دەستورەشیان بەجۆرێک دارشتووە کە بەشی پیاو دووئەوەندەی بەشی ئافرەتە لەماف و ئازادیەکانیدا کە ئەمەش پشت بەستووە بەو میتودو فەرهەنگەی کە لەدەق و سەرچاوەکانیاندا بوونی هەیە. بەڵام هەر لەیەکەم رۆژی خۆپیشاندانەکانەوە ئافرەتانی عێراق بە پێچەوانەی خواست وئارەزوی حیزبە ئیسلامیە شیعە مەزهەبەکان بە شێوەیەکی چرو پرو و راستەوخۆ بەشداران لەگەڵ پیاوان و کورانی ئەو کۆمەڵگەیە کە براو کوڕو هاورێنی خۆیانن، بەڵام حیزبە ئیسلامیەکان لەیەکتریان کردون بە دوژمن تا نەتوانن بەیەکەوە ببنە هێزێک و فشار بخەنە سەر دەسەڵات بۆ جی بەجێکردنی خواستەکانیان، وە بتوانن لەو رێگەیەوە نیوەی کۆمەڵگە کە ئافرەتانن لە پیاوان جیابکەنەوە و بیانێرنەوە ماڵەوە و نیوەکەی تری کە پیاوانن ئاسانتر بتوانن سەرکوتیان بکەن.

حیزبە ئیسلامیەکان بە پشتیوانی دەسەڵات زۆریان هەڵدا تا بتوانن ئەو بەشدارییەی ئافرەتانی عێراق لەکەدار بکەن بە بیانوی دروستکردنی بوختانی ناموسپەرستی و دەستدرێژی بۆ سەر ئافرەتان، بەڵام هەرزوو ئەو درۆو دەلەسانە مایەپوچ مانەوە. تەنانەت رێکخراوەی مافی مرۆڤیش ئەوەی دوپات کردووە کە لەوکاتەوەی کە خۆپیشاندان دەستی پێکردووە تا ئەم ساتە وەختە بۆیەک جاریش دەستدرێژی بۆسەر ئافرەت نەکراوە کە ئەمە لە 2003 یەکەم جارە ئافرەت بەو رادەیە بێتە ناو گۆرەپانی خۆپیشاندانەکانەوە بەم شێوە بەرفراوانەوە هیچ شتێکی نامۆ تۆمار بکرێت، لەکاتێکدا لە رۆژانی ئاسایدا لەپێش ئەم خۆپیشاندانانە بە دەیەها جۆر دەستدرێژی و سوکایەتی لە شوێنی ژیان و شوێنە گشتیەکاندا بەرامبەر ئافرەتان تۆمار ئەکرا.

ئافرەتان لەم خۆپیشاندانانەدا نەک هەر بەشداران، بەڵکو کاروچالاکی و ئەرک وفەرمانیش ئەگرنە ئەستۆ بە دابینکردنی پێداویستە تەندروستیەکان و چارەسەرکردنی بریندارەکان و دابینکردنی خواردن و خواردنەوەو هاوکاری کردنیان بۆ رزگاربونیان لە گازی فرمێسک رژێنە توندەکانی پۆلیس و پیاوەکانی تری دەسەڵات.

زۆرجار کار کاری وا ئەنجام ئەدەن کە ئینسان ناتوانێت بە هیچ وشەیەک ئەو هەستە دەرببرێت بۆیان. دکتۆرێکی ئافرەت کە لە شوێنێکی زۆر بەرزە بریندارێکی کوڕ بە هەڵگرتنی لەسەر پشتی رزگاری ئەکات وئەیهێنێتە خوارەوە. شەوانە لەسەر قەراغ جادە ئەخەون بێ ئەوەی هیچ کەس بیر لەوە بکاتەوە کە ئەمانە ئافرەتن و دەستدرێژیان بکرێتەسەر یان ئیهانەو سوکایەتیان پێبکرێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە جێگەی رێزو خۆشەویستی هەموو خۆپیشادەرانن و بگرە هاوکاری دەوری سەرەکی ئەبینن لە



خۆپیشاندانەکاندا.

16 ساڵە حیزبە ئیسلامیەکان هەوڵی زۆریان داوە کە ئەم کائینە زیندووە بە کەم ئەقل و زەعیفەو هیچ لەبارانا نەبوو نیشانی کۆمەڵگە بدەن و بیکەن بە ئیدەی گشتی کۆمەڵگە. وای نیشان بدەن تەنها بۆ خزمەتی پیاو و وەچە نانەوەو پەروەدەکردنیان و خواردن دروستکردنی ناوماڵ و سێکسی پیاو ئەگونجێن، بەڵام بە بەشداریان لەم خۆپیشاندانانە بەم شێوە بەرفراوان و گشتیە هەموو ئەو میتودو بیروبۆچونانەیان خستە ژێر پێکانی خۆیانەوەو ئەوەشیان سەلماند نەک ئەوان ئەو کائینە نین کە ئیسلامیەکان وێنایان ئەکەن، بەڵکو بگرە توانای داهێنان و هاوکاری جدیشیان هەیە شان بە بەشانی پیاو لە کۆمەڵگەدا هەر وەکو ئەوەی کە رۆژانە لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن ورۆژنامەو دەزگا راگەیاندنەکانی تردا ئەوان بینی. مێژوی بەشەریەت پرە لە نەبەردی و لیبراوی و تێکۆشانی ئافرەتانی جیهان بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان.

پرسیارێک لێرەدا خۆت قوت ئەکاتەوە ئەویش ئەوەیە ئەگەر ئەم خۆپیشاندانانە حیزبە ئیسلامیەکان بیان کردایە و ئەوان دەستی باڵایان هەبوایە لە رێکخستن و ئیدارەکردن و رێنوێنی کردنیدا چی سەروسیمایەکی ئەبوو؟ وە چی ئەگوزەرا لەناو خۆپیشاندەراندا؟

هەمووما شاهیدی ئەوەین لە لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی ئیسلامی عێراقی و دەستورە کۆنەپەرستەکەیەوە چ ئیهانەو سوکایەتی بە کۆمەڵگە بە گشتی و بە ئافرەتان بە تایبەتی ئەکرێت. لەماوەی دەسەڵاتیاندا جۆرەها شکل وشێوەی زەواج وەکو زەواجی متعەو سیغەو چەند ژنەو ئیغتیصابی منداڵان بەناوی زەواجەوە بێمافی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیان لەچوارچێوەی دەستورەکەیاندا لەژێر رۆشنایی شەریعەت و دەقەکانی قورئاندا بۆ ئافرەتاندا خوڵقاند، بەڵام یەکێک لەسەرو سیما ناسراوەکانی مانگی ئۆکتۆبەری ئەمساڵ ئەوەیە بە توندی دژی سوننەتە مەزهەبیەکان و حیزبەکانیان. بەهیچ شێوەیەک رێگەنادەن نە پیاوانی ئاینی و نە سەرکردەی حیزبە ئیسلامیەکان و نە قسەکەرەکانیان بێنە ناو خۆپیشاندانەکانەوە کە ئەمە بە رێچکە شکاندنێکی گەورەو ناوازە حیساب ئەکرێت لە مێژوی تازەی عێراقدا.

کاتێک کە ئینسان ئەگەرێتەوە بۆسەر لاپەرەکانی مێژووی دەسەڵاتدارێتی ئیسلامیەکان بۆمان روون ئەبێتەوە ئەوەی کە ئێستا ئافرەتانی عێراق لە خۆپیشاندانەکاندا نمایشی ئەکەن 180 دەرەجە پێچەوانەی ئەو فەرهەنگ و کلتورو میتودەیە کە ساڵەهایە حیزبە ئیسلامیەکان ئەیانەوێت بە باڵای ئافرەتانی ئەو کۆمەڵگەیەی ببرن و لەم پێناوەشدا لەماوەی ئەم 16 ساڵەدا ملیۆنها دۆلاریان خەرج کردووە، بەڵام ئافرەتانی عێراق تەنها لە17 رۆژدا هەموو ریسەکەیان لی هەڵوەشاندنەوە. ئەمە خاڵێکی دروشاوەو پۆزەتیفە لەناو خۆپیشاندانەکاندا و جێگەی پشتگیری تەواوەتی هەموو ئازادیخوازانی عێراق ناوچەکەو جیهانە. وە ئەمە ئەو راستیە دوپات ئەکاتەوە کە ئینسانەکان ئەگەر فشاری یاساو دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی لەسەر نەمێنێت، هەرگیز دەسەڵات ناتوانێت کۆمەڵگە بە پێی یاسا کۆنەکانی بیابان و سەدەکانی ناوەراست بچەرخێنێت.

ئێمە بینیمان لە خۆپیشاندانەکانی ساحەی تەحریری میسر لەکاتێکدا کە ئیخوانەکان بەریوەیان ئەبرد کە چۆن ئیهانەو سوکایەتی بە ئافرەت ئەکراو بەبەرچاوی هەمووە ئەو حەشاماتەی ناو بازار دەستدرێژی ئەکرایە سەر ئافرەتان بەتایبەتی ئەوانەی کە غەیرە موسڵمان بوون.

ئیسلامیەکانی میسر هەوڵیان ئەدا بە هاندانی ئافرەتان کە زەواجی کاتی (متعە) لەگەڵ کورانی ناو گۆرەپانەکە بکەن تا بەو هۆیەوە هەوڵی مانەوەو بەشداریکردنی گەنجان لە خۆپیشاندانەکاندا زیاتر بکەن و ببنە فشار بۆسەر دەسەڵات، تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی ک گفتوگۆ لەگەڵ چەند ئافرەتێک کرا کە رازی نەبوون هەڵسن بەو کارەو ئەوان کەوتنە هەڵوێست وەرگرتن و ئیدانەکردنی ئەو کارەی کە ئیسلامیەکان ئەیان کرد لە دەزگا راگەیاندنەکانەوە.

بۆیە ئەگەر ئێستا لە ساحەی تەحریری بەغداد باڵادەستی ئیسلامی سیاسی بوایە، سەدەها جۆر ئیهانەو سوکایەتی بە ئافرەتان ئەبینرا. ئافرەتان ئەبوایە زۆر بە ترسەوە بچنە ناو خۆپیشاندانەکانەوە چ جای ئەوەی کە شەوانە لەسەر جادەکان بمێننەوە لەگەڵ هاوچارەنوسەکانیان کە پیاوانن، یان لەسەر شۆستەی جادەکان بخەوتنایە. ئەبوایە ئەو ئافرەتانە رووبەرووی چ دەستدرێژی و سوکایەتیەک بونایەتەوە؟ بەڵام ئێستا ئەوە بۆ 17 رۆژ ئەچێت هیچ قسەیەک نە لەسەر نەشکڵ و شێوەو نە جل و بەرگ و نە دەستدرێژی و نەسوکایەتی نییە بەرامبەر ئافرەتان کە بەشداری راستەخۆن لە خۆپیشاندانەکاندا.

بۆیە ئافرەتان سەلماندیان، نەک کەم ئەقل و لەشیان عەورەتەو قژیان نەگبەتی ئەهێنێت بۆ کۆمەڵگە. کاتێک تاڵێک مویان دەرئەکەوێت و دونیا وێران ئەبێت هەروەکو پیاوانی ئاینی و حیزبە ئیسلامیەکان کە بەپشت بەستن بە سەرچاوەی دەقەکانیان ئافرەت وێنا ئەکەن،



بەڵکو مەدەنیەت و پێشکەوتنخوازی و سیمای کۆمەڵگەیەکی شارستانیان نیشانی هەموو جیهاندا.

لەماوەی 16 ساڵی دەسەڵاتی حیزبە ئیسلامی و قەومیەکانی عێراقدا ئەوە بۆ یەکەمین جارە ئافرەتان ئاوا برژێنە ناو گۆرەپانەکانەوەو هەست بە ئەمنیەت و ئاسایشی خۆیان بکەن بێ ئەوەی هیچ کەس بیر لەوە بکاتەوە بە چاوێکی کەمتر تێیان بروانێت و ئیهانەو سوکایەتیان پێبکات.

ئافرەتان تەنها بە بەشداری راستەوخۆی خۆیان ئەتوانن بەشە ماف و داواکاریەکانیان لە ئابوری و سیاسی وکۆمەڵایەتی بەدەست بهێنن، نەک دووروکەوتنەویان لە مەیدانی خەبات و هێشتنەویان لە چوارچێوەی میتودو دەقێک کە ئینساهایەک دایاناوە کە 1400 ساڵ لەمەوبەر ژیاون و لەگەڵ ئەم سەردەمەدا نامۆن، و ناگونجێن لەگەڵ ژیانی شارستانی و پێشکەوتنی تەکنەلۆجیاو ئەو ئالوگۆرە گەورەو بەرفراوانەی کەهەموو مەیدانەکانی ژیانی داگیر کردووە.

9/11/2019



# پرسی ژن ؟

توندوتیژی دژ بەژنان، لە هەڕەشەو سوکایەتییەوە بۆ لێدان و تیرۆرکردن، یان ناچارکردنی ژنان بە خۆکوژی، دیاردەیەکی شەرماوەری کۆمەڵگەی کوردستانە... بەمەبەستی تاوتوێکردنی بنەماو هۆکارە سەرەکیەکانی توندوتیژی و رێگەگرتن و کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە، بۆ پێشەوە، ئەم تەوەرە تایبەتییەی کردۆتەوە کە لەهەر ژمارەیەکی دا لە رێگای وتار، دیمانە، راپۆرت، بابەتی وەرگێڕدراو... تیشك دەخاتە سەر هەلومەرج و پرسی ژنان و خستنە ڕووی ئەزموون و رێگاچارەی ئینسانی و یەکسانیخوازانە..

بەرپرسی گۆشە: شوانە حەسەن
بۆ پەیوەندی و ناردنی بابەت: shwana.journalist@gmail.com



# تێڕوانینی کۆمەڵگەی کوردەواری بەرامبەر ئافرەت

## نووسینی: شوانە حەسەن ئەبوبەکر

باسکردن لەیەکسانی جێندەری و ڕاگرتنی باڵانسی هێزی هەردوو ڕەگەز لەکۆمەڵگەی کوردیدا بەقۆناغگەلێکی سەختدا تێپەریوە، ئێستاشی لەگەڵدا بێت کەلەسەدەی ٢١ دەژین بارودۆخی ئافرەتان و ژنان زۆر لەبار نییە، بەو مانایەی لەئاستی خواستی پێشکەوتنی توانا مرۆییەکانیدا نییە، ئەم فاکتەرەش دەبەسترێتەوە بەو تەوژمە گۆڕانکارییە نەرێنیانەی کۆمەڵگەی کوردی پیا گوزەر دەکات.

لەلایەک کۆمەڵگە وەک پێویست گرنگ و بەهایەک بۆ توانست و رۆڵی بەرجەستکراوی ئافرەت دانانێت، لەرەهەندێکی دیکەشەوە ئافرەت لەبەرامبەر ئەو بێ بەهای کردنە هەندێک جار توشی وەستان دەبێت بۆ ئەوەی باشتر لەهۆکارەکان تێ بگات و هەوڵ بدات بە عەقڵ و بیرێکی نوێوە هەنگاو بنێتەوە.

لەسەر پرسی ئاماژەدان بە توانا و بەهرەی ئافرەتان، کۆمەڵگە دابەشی دوو بۆچونی جیاواز بووە، لایەک وێنای دەکەن ئافرەت تەنها دەتوانێت تەواوکەری کاری ڕەگەزی بەرامبەری بێت کە پیاوە و بەبێ وجودیەتی ئەو ناتوانێت لەکایە جیاوازەکاندا وەک کارەکتەرێکی سەرەکی دەربکەوێت، لایەکی دیکە بەپێچەوانەوە رایان لەسەر توانای ئافرەت بابەتێکە دەمێکە لەگفتوگۆ و جەدەل براوەتەوە و ئافرەت نەک بۆخۆی، بەڵکو بۆ پیاوانیش بۆتە پاڵپشتێکی بەهێز و کارەکانی پیاوانیشی راگرتووە بەبێ ئەوەی وەک پێویست دەربکەوێت.

ئێستا کاتی ئەوەیە فەزایەکی نوێ بۆ بیرکردنەوە و تێڕوانینی کۆمەڵگە بۆ ئافرەت بخولقێنرێت، واتە ئافرەت وەک مرۆڤ و ئەندامێکی کۆمەڵگە لێبروانرێت نەک وەک ڕەگەزی دووەم و بەپلەیەک کەمتر لەڕەگەزی پیاو دابندرێت.

تەواوی ئایدیا و ئاینە ئاسمانی و زەمینیەکانیشەوە بە گرنگیەوە باس لە ئافرەت دەکەن و داوای یەکسانی ماف و ڕۆڵی بۆ ئەکەن، بەڵام ئەوەی دەبێتە جێگەی مشتومڕ لەنێوان پەیرەوانی ئاینە جیاوازەکان و چالاکوانان، جێبەجێ نەکردنی ئەو برگەو دەقە ئاینیانەیە کەباس لەگرنگی هەبونی ئافرەت لەخێزان وکۆمەڵگەدا دەکەن بەتایبەت لەلایەن هەندێک لەو کەسانەی پێشەوایەتی!! ئاین دەکەن، بەئاماژەی کەمتر لەمرۆڤبوون هێما بۆ ئافرەت دەکەن، یاخود بەراورد بە ئافرەتانی نەتەوەکانی دیکە، بێ ئەرزش باس لەئافرەتی کورد دەکرێت لەکاتێکدا رۆژهەڵاتناسانی "مینۆرس وەککی و کلۆدیۆس جیمس ریچ" دەڵێن: "ئافرەتی کوردە بەبەراورد لەگەڵ ئافرەتانی تورک و عەرب وفارس ئازاترو بوێرترن."

ئەم بێ بەهاکردنەی ئافرەتی کورد لەلایەن هەندێک کەسەوە لەروانگەی تێگەیشتن و وێناکردنیان، دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی ناحاڵیبوونی ئەو تاکە بۆ مرۆڤ دواتر بۆ ئافرەت چونکە ئاشکرایە مرۆڤایەتی گەشە ناکات و پێشناکەوێت ئەگەر ئافرەت وەک مرۆڤ لێی نەڕوانرێت.

ڕەنگە ئەم بیرکردنەوە و رێگرتنە لە ئافرەت بۆ بەشداری نەکردن لە سێکتەرەکانی دیکە و بەشایستەنەبوونی بۆ دەستبردن لە بەرێوەبردنی کۆمەڵگە، لەتەواوی جومگەکانی کۆمەڵگەش بێتە بەردەم ئافرەتان. دەبینین لەمێژوی کۆن و هاوچەرخدا و لەکۆمەڵگەکانی دیکە ئەو ئافرەتانەی توانیویانە بگەنە دەسەڵات کاری خۆیان کردووە، ئەوانەشی کەراستەوخۆ دەسەڵاتیکیان لەحوکمداریدا نەبووە توانیویانە لەرێگەی هاوسەر یان کوڕەکانیانەوە چارەنوس ورەوتی مێژووی وڵاتەکەیان بگۆڕن، بۆ نموونە" کاترین دۆمێدیسی" کە نزیکەی چل ساڵ بەناوی کوڕەکانی لەفەرەنسا حوکمی گێڕاوە، " مەلیکە ئەلێکساندرا" لەژێرکاریگەری و کارتێکەری پیاوێکی بەرەنگ ئاینی بەناوی " راسپووتین' ئیمپراتۆریەتی تێزارەکانی روخاند و هەروەها " ئێدیت ویلسۆن" هاوسەری کۆماری ئەمەریکا " وێلسۆن" کە لە دوو ساڵی کۆتایی خولی سەرۆک کۆماری هاوسەرەکەیدا بەناوی ئەو لە ئەمریکا حوکمی کردووە. ئەم حاڵەتانە ئەگەر لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا هەبێت بەڕووە ئەرێنی و نەرێنیەکانیەوە، پێدەچێت لەژێر ناوی دیکەدا لە هەیمەنی دەسەڵاتی ئافرەت بدرێت.

گرنگە کۆمەڵگەی کوردی خۆی لەهەندێک چەمک و بابەتی نەشیاو بەدووربگرێت کە لەبنەڕەتدا موڵکی ئەو نییە، بەڵکو هاوردە کراوەتە ناو نەریت و کلتورەکەیەوە، هەروەک چۆن دەتوانێت خۆی لەگەڵ پێشهات و گۆڕانکارییە خێراکان بگونجێنێت، دەبێت بەو میتۆدەش خۆی لەگەڵ قۆناغەکەدا بگونجێنێت و چیدیەکە ئافرەت بە فۆرمەکانی توندوتیژی و زوڵملێکراو نەناسێنێت، دەبێت بچێتە قۆناغی ناساندن و دەرخستنی هێزی ئافرەت و پێگەی یەکسانی بۆ برەخسێنێت لە تەواوی بەشداری پێکردنەکانی لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی، سیاسی و بوارەکانی دیکە، ئەو کاتە کۆمەڵگەی کوردی دەچێتە قۆناغی گەشەکردنی شارستانی و پێشکەوتنخوازییەوە.

# شارەوانی سلێمانی، هەنگاوێکی تر بۆ داتەکاندنی گیرفانی هاوڵاتیانی هەژارو نەدار

بەپێی بڕیارێکی شارەوانی سلێمانی، پیویستە هەر خیزان و ماڵێك مانگانە بری ٥٠٠٠ هەزار دینار بدەن بەشارەوانی لە بەرامبەر بە فڕیدانی خۆڵ و خاشاکدا... ئەو بڕیارەی شارەوانی لەکاتێکدایە کە ئەم ساڵ تائیستا تەنها هەشت موچە دابەش کراوە. لە کاتێکدایە کە خزمەتگوازرییەکانی تر لە ئاستی نەبوونیدان. لەکاتێکدایە کە گرانی بازاڕ دەستی ناوەتە بینەقاقای خێزانە کریکار و کارمەند و نەدارەکان. لە کاتێکدایە هەلی کار نییە و رۆژ بەرۆژ ئۆردوی بێکاران فراوانتر دەبێتەوە... لەکاتێکدایە کە خەریکن ئەو خزمەتگوازرییە گشتی و ناچیزانەش کەماون هەرزان فرۆشی کەرتی تایبەتی دەکەن. ئەوە لە کاتێکدایە کە موچەی کرێکاران و کارمەندان بە پێوانەی بەرێوەچوونی ژیانێکی نۆرماڵ، زۆر کەم و ناچیزە... ئەوە لەکاتیکدایە کە حکومەت و دەسەڵات و شارەوانی سلێمانی، خۆیان لەبەرامبەر دۆخی نەخوازراو نائینسانی کریکاران و زەحمەتکێشان و بەشی هەرەزۆر کۆمەڵگەدا کردووە بە کەرەی شەریەت... کەچی بۆ داتەکاندنی گیرفانیان خاوەنی دەیان داهێنانن، خاوەنی دەیان پلانن، خاوەنی نابودکردکردنی کۆمەڵگەن... خەڵکی بیبەشی کوردستان نەك نابێ مل بە بڕیارێکی ئاوا تالآنچی بدەن، بەڵکو پیویستە یەکگرتوانە پوچەڵی بکەنەوە.

# لە بۆپێشەوەوە

* بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.
* بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێک بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.
* بابەتی بڵاوبووەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە لە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. راسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.
* درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی راگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات.

هەڵەبری وتارو بابەتەکان، ئەرکی خاوەنی بابەت و وتارەکانە و بۆپێشەوە بەرپرس نییە لە هەڵەی ئیملایی بابەتەکان... بۆیە هەرکەسێک کە بابەت یان وتار بۆبۆپێشەوە دەنێریت، ئەرکیەتی هەم هەڵەبری ئیملایی و هەم رەچاوی رێنوسی زمانی ستانداردی کوردی بکات بۆ ئەوەی دەرفەتی بڵاوبونەوە بۆ وتارەکەی بکاتەوە.

* ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە.

# گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان ڕێك دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر و هیوا سالح، حەکیم میرزا





## ژانی بەگەردنی شیعرەوە

ئەم ئێوارە چاوی شیعر لێڵەو
وشە ڕێبوارێکی غەریبە
ئەوەتا - با- بە شمشێرێکی تیژەوە
لە سەر سوچی کۆڵانی دڵم وەستاوە
هاتوە گەردنی دارچنارێ
ڕۆحم بپەڕێنێ و
فرمێسکی سەرگۆناێ سیسی
پایز بدزێ
دەزانم هێشتا حاڵی نیت
دەزانم وەك هەناسەی
ساردی بەستەڵەکیت و
سپی سپی سەما
بە کلوی تازە لەدایك بوی
ئەم زستانە دەکەیت
من ئێستا لەو دیوی
نامەی دزراوی
عشقێکەوە
ڕۆندکێکی کوژراوم
بینی
وردە قسەی لێ ئەبارێ و
لەپەنا حیکایەتەکەی
ڕنۆکی تەورو
شەقی دارو
چاوی کوێر گوللەو
دەستی ڕەشی ملوانکەی پەتم
بەگەردنی عشق و
سۆزی ژیان بینی
کەتێپەڕیم
دەنگی ڕوبارم بیست
لەڕقی نزاکان کۆچی دەکردو
لە داخی پاڕاناوە
لیخن لیخن
سەری خۆی هەڵدەگرت

فوئادعزیز

## بەشێکی تر لەدەقی بەسەرهاتی ئاهێکی سارد

زنجیری جانتاکەم بۆ ناکرێتەوە
سەرما هەراسانی کردوم
ئەڵێی شێتم سێبەرەکەی خۆمم بەدواێ
خۆمدا بۆڕاناکێشرێت
چاوداگرتنی ژنە شەنگالیەك بەدەوری خۆمدا
دەمخولێنێتەوە
سەرم دەرناچێت لەم هاتوچۆیەیی خۆم
سەرم دەناچێت
نازانم بۆ وەرزەکانم لەیەك بۆ جیاناکرێتەوە
تەنیایی ئەم شەقامانە
بێزاریان کردوم
گرمە گرمی ئەم هەورانە فێری یاخی بونم
دەکەن
زنجیری جانتاکەم بۆ ناکرێتەوە
ناتوانم بەم دەستە لەرزۆکانەوە
نامەیەك بۆدایکم بنوسم
هاوڕێکانم درۆزن بوون
پێیان نەوتم کەباران دەبارێت
بەبێ چەتر بڕۆ گۆڕستان
من لەگۆڕستان
سەرم دەدەم بەلایەکی شانماو
بەبژاردەی پەنجەکانی دەستم
گلەیی لەخوادەکەم
مردووەکان
دەمخەنە بەینی هەناسەی خۆیانەوەو
حەشارم دەدەن
من لەسەرخۆش دەچم
سەرخۆشێك
هەموو .شتێك مساوییە بەهیچ .کاتێك
جزدانەکەی بەر باخەڵی دەردەهێنێت و
پارەی چارەکێك عەرەقی ترێ پێنییە


زنجیری جانتاکەم بۆناکرێتەوە
حەزدەکەم خۆم فێری مانگرتن بکەم
کاتێك کەگوێم لەبانگی بەیانییە
گوێچکەکانم فرێدەمە بەردەرگا
سەرم بخەمە تەنەکەی خۆڵەکەوە
زنجیری جانتاکەم بۆناکرێتەوە
سەرم قورس قورسە
تێڤێکە دەکوژێنمەوەو
گەمەیەی مردنێکی سەوز سەوز
لەگەڵ بێزاری خۆمدا سازدەکەم و
واێ لەمن سەیرکە بزانە چۆن چۆنی
دڕندانە پەلاماری خۆم دەدەم و
چۆن چۆنی سەرم دەکێشم بەزەویدا
...............
سەرم لەخۆم بۆ دەرناچێت
هەموو شتێك
بەپێچەوانەوە دەڕوات
لەبری ئەوەی چراکە داگیرسێنم
ئینجانەکان دەشکێنم
مۆمەکان بەسەر بەرەو خوارێ هەڵدەواسم
تیشکی ئەم .گڵۆپانە شێتیان کردوم
ماڵەکەی خۆمانم بۆنادۆزرێتەوە
نازانم کێ کۆڵەپشتەکەی بۆپڕکردوم
لەهەناسەی ساردو گریانی کۆترەشینکەکا
ن
سەرم لەخۆم بۆدەرناچێت
حەزدەکەم بەڕوتی بەناو خۆمدا بگەڕێم
لەخۆمدا وەك ئاوێکی عاجز گلەیی
لەئێوارانی خۆم بکەم
....................
زنجیری جانتاکەم بۆ ناکرێتەوە
دایکم بەیادی منەوە بەیانیان دوو هێلکە
دەکاتە ڕۆنو نانێکی تیری تەڕدەکات
چاکەی سارد سارد دەبێتەوەو
کەسێك لەدەرگاکەی نادات
واێ لە من ئەرێ بۆئەوەندە سەرم سپی بو
وەو
تۆبڵێی ئاوێنەکەم بەساڵاچوبێت .یان شانەکە
بەدەستەکانمەوە دەلەرزێت
سەرم .لەخۆم بۆدەرناچێت
نازانم بۆلەم دەنگە دەنگەی خۆم تێناگەم
دایکم بیرم دەکات
بەیادی منەوە
دوو هێلکە دەکاتە ڕۆن
منیش بیرلەسەفەرێك دەکەمەوە
خۆشم نازانم بۆکوێ
............

میرزا
نۆڤەمبەری ١٠/٢٠١٩

## بەرهەمی تازەی هونەرمەند هیوا سالح




## بەرهەمی تازەی هونەرمەند سەردار عەبدوڵا



# شووراکان یان پەرلەمان



عبدالرحمن رسول

شوورا واتە نوێنەری ڕاستەوخۆی خەڵک کە ڕاستگۆیانە و دڵسۆزانە دەبێتە نوێنەری خەڵک بۆ چالاکی و بەدیهێنانی ماف و داواکارییەکانی خەڵک. هەروەها شووراکان بڕیار بەپێی ڕاوێژکاری گفتوگۆی ئازادانە دەردەکەن، واتە بڕیارو یاساکان کۆمەڵکارییە. ئیدارەدانەکان شێوازی هەرەوەزکاری دەبێت، بەپێی خواست وپێویستی و داواکاری خەڵک دەبێت. ئیدارەدانی شوورایی واتە دابەشکردنی کارە کارگێڕی وئیدارییەکان بەپێی ئاستی توانا ولێهاتویی مرۆڤەکانە لەناو کاری هەرەوەزی و کۆمەڵکارییەکاندا، سەرجەم کارەکان ئارەزوومەندانە و دڵسۆزانە وخۆبەخشانە ئەنجام دەدرێت. ئیدارەدانی شوورایی واتە دابەشکردنی کارە کارگێڕی وئیدارییەکانی دەوڵەتداری و حکومەتی بەسەر تەواوی تاکەکانی کۆمەڵگەدا، چونکە هەر تاکێک لەسەررووی ١٨ ساڵ دەتوانێت خۆی هەڵبژێرێت بۆ ئەنجامدانی کاروبارەکانی ئیدارەدانی شوورایی چ لەچوارچێوەی گەڕەک یان کارگە یان شارەدارەیی و دەوڵەتداری دا، هەروەها دەتوانێت بەبێ هیچ سانسۆرێک چاودێربێت بەسەر کاروبارە کارگێڕی و ئیدارەدان و نوێنەرایەتی شووراکاندا و لەکاروبارەکانیان بکۆڵێتەوە لەڕوویی ماددی و مەعنەوەیی یەوە چاودێرییان بکات. لەکاروباری شوورایی دا هەرکاتێک خەڵک ناڕازی بوون یان کاروچالاکی و پڕۆژەکان دڵسۆزانە جێبەجێ نەکرا یان کەم وکوڕی هەبوو شووراکان دەست لەکاردەکێشنەوە و وازدەهێنن لەکاری شوورایی. ئیدارەدانی شووریی مەحاڵ نییە، دەتواندرێت ببێتە بەدیل وجێگەرەوەی دەسەڵات وسیستەمی چەوسێنەرو نابەرابەر و نایەکسان و دزو گەندەڵ. ئیدارەدانی شووراکان کە زۆر جیاوازە لە ئەندامی پەرلەمان و نوێنەرانی پەرلەمان. ئەندام پەرلەمان واتە کۆبوونەوەی نوێنەرانی حیزبەکان بەناوی نوێنەرایەتی کردنی خەڵکەوە دەچنە هۆڵی پەرلەمان و دانیشتن وکۆبوونەوەکان دەکەن، بەڵام هەرگیز بەقسەو بەداواکاری خەڵک لە نوێنەرایەتی وئەندامێتی پەرلەمان وازناهێنن، واتە ئەندامانی پەرلەمان لەجیاتی نوێنەرایەتی خەڵک نوێنەرایەتی حیزبەکانن لەپەرلەمان، چونکە سەرجەمیان کادیرو دڵسۆزانی حیزبن نەک دڵسۆزی خەڵک. کاتێکیش ناوی خەڵک دەهێنن بۆ فریودانی خەڵکە. ئەندامانی بەیەک داواکاری وپێشنیاری سەرۆکی حیزبەکەی وازدەهێنێت و کورسی پەرلەمان دەداتە کەسێکی تر لەهەمان حیزب. بەڵام بەقسەی خەڵک واز لەئەندامێتی پەرلەمان ناهێنن، یاخود لەبەرامبەر فشارهێنان بۆسەر دەسەڵات وحکومەت بۆ بەدیهێنانی خواست و داواکاری خەڵکی ناڕازی وخۆپیشاندەر واز لەئەندامێتی پەرلەمان ناهێنن. بەکورتی و کوردی ئەندام پەرلەمان باش بکاو خراپ بکات دز یان گەندەڵ بێت، یان ڕاستگۆبێت هەتا ماوەی ئەندام پەرلەمانی تەواونەبێت وازناهێنێت لەئەندام پەرلەمانی. کاتێکیش چوارساڵی ئەندام پەرلەمانی تەواوکرد بە پوڵ و پارەیەکی زۆر خانەنشین دەکرێت. زۆرینەشیان هەتا ئەوچوارساڵە تەواودەکەن کۆمپانیا و کاری بازرگانی بۆخۆیان یان بۆ خزمەکانیان هەر وەک سەرۆکی حکومەت و وەزیرو بەرپرسەکانی تری حکومەت بنیاد دەنێن. بۆیە دوای چوارساڵەکە لەکوێ پێیان خۆش بێت ژیانی خۆیان بەخۆشی وشادی دەژین. سیستەمی پەرلەمانی بەگشتی و بەتایبەت لەوڵاتانی وەک ئێران وعێراق کە هەر دووکیان پشتیان بە دەستوورو یاساکانی ئاینی بەستووە. بەپێی یاساکانیان نابێت هیچ یاسایەک دەربچێت پێچەوانەی ئایین بێت. لەوچوارچێوەیەشدا هەرچی داهات و سامان و پوڵی وڵات هەیە بۆ بەرژەوەندی و سوودی کەمینە بەکاردەهێندرێت. سیستەمی چەوسێنەر دەبێتە کارگەیەک بۆ بەرهەمهێنانی ئامانج و سوودەکانی بەرپرسان وسەرۆکی حیزب و حکومەت وسەرۆکی عەشیرەت و عناسڕی دینی ونەتەوەی باڵا دەست و حیزبەکانی دەسەڵاتدار، واتە دەسەڵات و دەوڵەت بۆخزمەت وسوودی کەمینەیەک دامەزراوە. کەواتە دەسەڵات وسیستەم ویاساکان بوونەتە مەکینەی بەرهەمهێنانی کێشەوقەیرانەکانی کۆمەڵگە بەتایبەت بۆ گەشەدانی هەژاری و بێکاری و بێ خانەلانەیی و چەوسانەوەی زۆرینەی خەڵکی کۆمەڵگە. هەر ڕووداوێکی سرووشتی ڕوودات لەکۆمەڵگەدا زیاتر بارگرانی بۆسەر خەڵکی هەژار و چەوساوە وبێکار دەبێت، چونکە دەوڵەت وحکومەت دڵسۆزانە کارناکات بۆ بەرگرتن یان کەم کردنەوەی کاریگەری ڕووداوە سرووشتییەکان. هەروەک ڕووداوە سرووشتییەکانی وەک زەمین لەرزە کە لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕووی دا. بەرپرسانی دەوڵەتی فاشیزمی ئیسلامی ئێران لەجیاتی هاوکاری خەڵکی ناوچەکە دەهاتن دەستیان بەسەر ئەو شمەک وکاڵایانەدا دەگرت کە لەلەلایەن خەڵکی ڕۆژ هەڵاتی کوردستان و شوێنەکانی تر بۆ خەڵکی ناوچەی زەمین لەرزەکە کۆکراوەبوونەوە، دواتر دەیان گۆڕی بەهی کۆن پاشان بەسەر خەڵکیدا دابەشیان دەکرد. بەرپرسانی دەوڵەتی ئیسلامیی ئێران بەئارەزوویی خۆیان کاڵا وشمەکە نوێکانیان بەکاردەهێنا. لەئەنجامی هەبوونی سیستەمێکی دینی و قەومی لەئێران ڕۆژ بەڕۆژ قەیران وکێشەکانی وەک گەشەی بێکاری وهەژاری زیاتر دەبێت لەبەرامبەریشدا خەڵکی چەوساوە وکرێکار دێنەمەیدان بۆ هێنانەدی نان، کار، ئازادی، بۆ بەدیهێنانی ژیانێکی باشتر.

بە ئیدارەدانی شوورایی خەڵک و بڕیاری کۆمەڵکاری و هەرەوەزکاری. هەرچەندە بەهۆی بەرزکردنەوەی ئەم جۆرە خواست و داواکاری یە ئینسانییانە خەڵکی تێکۆشەری ناڕازی چەوساوە لەسەر خیابان وبەردەم بەرپرسەکان تووشی ئازارو ئەشکەنجە و زیندانیکردن و لەسێدارەدان دەبنەوە و بوونەتەوە لەلایەن هێزە سەرکوتگەرەکانی دەسەڵاتەوە. ئەم جۆرە تێکۆشانەی خەڵکی تێکۆشەری چەوساوەو کرێکار و مامۆستایانی ئێران کاریگەری ئەرێنی گواستراوەتەوە بۆ کۆمەڵگە چەوساوەکانی تر، ئیرادەی شۆڕش و بەرخوانی خەڵکی بەهێزکردووە. لەناو دادگاکانی فاشیزمی ئیسلامی ئێراندا چالاکوان و کرێکارانی زیندانیکراو داواکردنی نان، کار، ئازادی ئیدارەدانی شووراییان لەبەردەم دادوەردا دووبارە کردۆتەوە، هەرچەند بەهۆی ئەم داواکاری وخواستانەوە چەندین ساڵ حکومدراون، بەڵام بەهۆی بەردەوام بوونی نارەزایەتی و خۆپیشاندانەکانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش و چین و توێژەکانی بۆ پشتیوانی وئازادکردنی ئەم چالاکوانانە و ڕابەرە دڵسۆزانە کەداوای نان، کار، ئازادی ئیدارەدانی شووراییان دەکرد، خۆش بەختانە ئازاد کران، هەرچەندە بەشێکی زۆرتریش لەهەڵسوڕاوانی سیاسی ئێستا لەناوزیندانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێراندان. بەهیوای ئازادکردنی سەرجەم زیندانیانی سیاسی لەئێران. لە عێراقدا بەهەمان شێوەی ئێران خەڵک لەناو قەیران وکێشەی بێکاری و هەژاری وبێ خانەو لانەییدا دەژین. سەرچاوەو هۆکارەی هەبوونی یاسا و دەستووری کۆنەپەرستانەو دژە ئینسانییە.

گەورەترین کێشەی کۆمەڵگەی عێراق هێژموونی سیاسی فاشیزمی ئیسلامی ئێرانە بە سەریدا، ئەویش لە ڕێگەی سیستەمی دینی وقەومی و تائیفی یەوە! بەرپرسە دزوگەندەڵەکان بەشێکی زۆری بودجەی عێراق بە فەرمی بۆ ئەجێندای سیاسی و هاوکاری فاشیزم و تیرۆریستیانەی ئەو ڕژێمە دژە ئینسانی یە تەرخان کراوە! وشیاری خەڵکی ڕاپەریو گۆڕانی بەسەردا هاتووە کە مانەوەی هێژموونی سیاسی ئیسلامی ئێران لەعێراق قبوڵناکەن و هەر بۆیە یەکێک لە دروشم و داواکاری یە سەرەکییەکانی ڕاپەڕین کۆتا کردنی هێژموونی سیاسی دەستی فاشیزمی ئیسلامی یە لە عێراق! بەڵام دەبینین عادل عەبدولمەهدی و لایەنە سیاسییە شیعەکانی عێراق بە تەکبیر و ڕاوێژی قاسم سلەیمانی لە ناو ناوچەی سەوزەوە ڕێکەوتن مۆردەکەن و بڕیاری سەرکوتکردنی ڕاپەڕین ئەدەن! ئەگەرچی وا بڕیار بوو لە ماوەی دوو ڕۆژدا ڕاپەڕین لە ساحەی تەحریر کپ بکەنەوە، بەڵام خۆشبەختانە سەرکەوتوونەبوون. دەسەڵات وبەرپرسان بەهۆی جوڵاندنی هەست و سۆزی دینی ونەتەوایەتی کەتوانیویانە چەندین ساڵ سەرۆکەکانی حیزب و عەشیرەت وعناسیرە دینییەکان بەعەقڵ وفکرو بۆچوونە دواکەوتوەکان ودژەئینسانییەکان زۆرینەی خەڵکی کۆمەڵگە لەکۆیلایەتی چەوسانەوە وهەژاری و بێکاری ڕابگرن. بەرپرسانی حکومەت بەجۆری گەندەڵی ودزی وهەرچی داهاتی زۆرینەی پوڵ وسامانی سەرزەوی و ژێر زەوی بەئارەزویی خۆیان تەخشان وپەخشانی پێ بکەن. کۆمەڵگەی عێراق وکوردستان بەردەوام بەرەو کێشەو قەیرانی زیاتربەرن. گەنجان ولاوان هەژارو بێکار بکرێن ویاخود لەناچاریدا ئاوارەی وڵاتان بن. ئەم شۆڕش و ڕاپەرینەی خەڵکی چەوساوەی عێراق بۆئەوەی سەرکەوتووبێت وئامانج و داواکاری وخواستەکانی خەڵکی ڕاپەریو بەدیبێت دەبێت نەخشە ڕێگای مرۆڤانە جێبەجێ بکرێت، باشترین نەخشە ڕێگای ئینسانی لەئێستادا بۆئیدارەدانی باشتری کۆمەڵگە ئەویش ئیدارەدانی شوورایی یە. بزووتنەوەی شووراکان پێویستە بۆ ئیدارەدانی کۆمەڵگە کەلەلایەن خەڵکی ناڕازی یەوە دابمەزرێت. هەروەک کارڵ مارکس دەڵێت شۆڕشێک نی یە حیزبێک بتوانێت پێی هەستێت، ئەوە تەنها میللەتە (خەڵکە) بە شۆڕش هەڵدەستێت.

کەواتە پێویستە خودی خەڵکی چەوساوە سوودمەندبێت لەشۆڕشی چەوساوەکانی عێراق، بۆ سوود وەرگرتن لەم شۆڕش ڕاپەرینە دەبێت خەڵک بەشداربێت لە دەسەڵات و ئیدارەدانی شۆڕش و ڕاپەریندا. ڕۆڵی شۆڕشگێڕانە سەبارەت بەوەی هێزی توندوتیژی بەگوێرەی وتەی مارکس بۆ هەرکۆمەڵگەیەکی کۆن دووگیانە بەکۆمەڵگایەکی نوێ. وەک مامان وایە، لەبارەی ئەوەوە کەهێزی توندوتیژی ئەوجۆرە چەکەیەکە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی بەهۆی ئەوەوە خۆی سازو ئامادە دەکات پێکهاتە سیاسی یە وشک وبێگیانەکان لەبەریەک هەڵدەوەشێنێتەوە. سەرچاوە (لینین ،دەوڵەت وشۆڕش لاپەڕە ٣٣ وەرگێرانی :سەلام مارف"

لەکوردستان و عێراق سیستەمی دینی وقەومی سیستەمی پارە گەشە پێدەدات ،سیستەمی پارە واتە سیستەمی سەرمایەداری کە بناغەکەی لەسەر جیاوازی و ناعەدالەتی و نایەکسانی وسەرکوت و نەبوونی ئازادی و گەشەی بێکاری و هەژاری دامەزراوە و گەشەدەکات .بەڵام هەر کاتێک خەڵک ووشیار بۆ وە کەبۆچی هەژار وبێکارو نابەرابەرونایەکسانە ئەوکات شۆڕش دەکات لەدژی سیستەمی چەوسێنەری سەرمایەداری .هەروەک کارڵ مارکس دەڵێت هەژاری شۆڕش بەرپاناکات بەڵام ووشیاربوونەوەی هەژارانە شۆڕش بەرپادەکات . هەروەک ئێستا دەی بینین لە عێراق و چەند وڵاتێکی تر شۆڕشی چەوساوەکان دەستی پێکردووە. پێویستە لەسەرخەڵکی چەوساوەی کوردستان و ئازادیخواز و یەکسانیخوازی کوردستان بە ڕێکخراوبوونی خۆیان لەبزووتنەوەیەکی جەماوەری شووراکاندا پشتیوانی خۆیان بۆ ئامانج وداواکاری یە ئینسانی یەکانی شۆڕشی چەوساوەکانی عێراق بکەن .وەک چەوساوەکانی کوردستان خۆشیان دەست بەشۆڕش و نارەزایەتی

بۆ لاپەڕە...16

# کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا و پێشهاتەکانی جەنگ لەکوردستانی سوریا

## گفتوگۆی دیدگای سۆشیالیستی لەگەڵ عەبدوڵا مەحمود

## بەشی دووەم



**کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەسوریا، ڕەوتی ڕوداوەکان وجەنگ لەکوردستانی سوریای ڕاکێشاوەتە نێو گۆڕانکاریەکی خێراو دراماتیکیەوە، لەشکرکێشی تورکیا بۆ سەر ناوچە کوردنشینەکان وپاساوەکان بۆ پێکهێنانی ناوچەی ئارام، نارەزایەتی و ریزبەستنی دەوڵەتانی ئەوروپا بەرامبەر بەم لەشکرکێشیە، ڕۆڵی تازەی ڕوسیا ولایەنگری لەتورکیا، کاردانەوەی هەسەدە بەرامبەر بە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا و پاشان رێکەوتنی سەربازی لەگەڵ دەوڵەتی بەشارئەسەددا، کۆبونەوەی نێوان ئەردۆغان وجێگری ترامپ وئیمزاکردنی ڕێکەوتنامەی تازەی نێوانیان، سەرەنجام ئاگربەست لەسوریا... ئەمانە بەشە سەرەکیەکانی ئەو گۆڕانکارییە تازانەن کەلەدۆخی سوریادا بەخێرایی دەچنە پێشەوە. دیدگای سۆشیالیستی بەمەبەستی ڕاوەستان ولێکدانەوە لەسەر هەریەك لەوێستگەکانی ئەم ئاڵوگۆڕانە، ئەم گفتوگۆیەی لەگەڵ عەبدوڵا مەحمودا سازداوە ...**

**دیدگای سۆشیالیستی ژمارە ١٤**

**دیدگای سۆشیالسیتی: سەرەنجام هەسەدە ڕێکەوتنێکی سەربازی بەئامادەبوونی ڕوسیا، لەگەڵ دەوڵەتی بەشارئەسەد دا ڕاگەیاند، هەروەک مزڵوم کوبانی دەڵێت، ئەم ڕێکەوتنە ناچاریەو بۆ ڕزگارکردنی خەڵکە لەکوشتاری هێرشەکانی تورکیا، وەبەشێک لەکەسانی چەپ ئەم کارەیان بەئاقلانەو جێگای پشتیوانی لێکدایەوە.. ئێوە چ لێکدانەوەیەکتان هەیە بۆ ئەم ڕێکەوتنە و گەڕانەوەی هەسەدە بۆ لای بەشار ئەسەد لەئاکامی بەدەستەوە گرتنی چ سیاسەتێکدایە؟ ئایا خەلکی کوردستانی سوریا جگە لەم ڕیگایە، ئاسۆیەکی تریان لەپێشە؟**

**عەبدوڵا مەحمود:** ڕیکەوتنی هەسەدو دەوڵەتی سوریا، هەر دەبوو ڕووبدات، چونکە دەسەڵاتگرتنی پەیەدەو هەسەدە لەبەرئەنجامی کردەیەکی شۆڕشگێرانەوە سەری دەرنەهێناوە، بەڵکو لەبنەڕەتەوە لەسەربنەمای ڕاوەستان لەسەر درزوکەلێنی دەوڵەتان و هاوکێشەی نێوان دەوڵەتی سوریا وخەڵکی ڕاپەڕیو و لەلایەک و دەخاڵەتی دەوڵەتانی ناوچەکە لەلایەکیترەوە، بەپێی ڕێکەوتنێکی دوولایەنەی هێزەکانی پەیەدەو ڕژێمی ئەسەد، ئەم ناوچانەیان تەسلیم کرا. بەڵام دوای ئەوەی سوپای ئەمریکا پاشەکشەی کرد و هەردوو دەوڵەتی ئەمریکا و روسیاش گڵۆپی سەوزیان بۆ تورکیا هەڵکرد تا لەشکرکێشی بۆسەر ئەم ناوچانە بکات، جارێکیتر هاوکێشەی هێزە و پەیوەندی نێوان دەوڵەتانی دەرگیر لەجەنگی سوریادا ڕووبەڕوی گۆران کردەوە و لەئاکامیشدا هێزەکانی هەسەدەی ناچارکرد کەجارێکیتر ڕوو بەلای ڕژێمی سوریادا وەرچەرخێنێ و لەسەرو ئیرادەی خەڵکەکەیەوە ڕیکەوتنی سەربازی ببەستێ و بیکاتە سەرەتایەک بۆ ریکەوتنی سیاسی داهاتووش لەگەڵ حکومەتی سوریاو بەشار ئەسەددا. بێگومان لە ڕیکەوتنێکی ئاواشدا ئەگەر ناچاریەک هەبێت بەگەڕانەوە بۆ لای ڕژێمی سوریا، بەرئەنجامی بنبەستی ئەوسیاسەتەیە کەستراتیژی خۆی لەسەر بنەمای درزو کەلێنی نێوان دەوڵەتان و هاوکێشەی نێوان هێزیاندا، دارشتووە و لەگەڵ هاتنە پێشەوەی هەرگۆڕانکاریەک لەم نێوەدا، ناچارە ڕوو بەلای یەکێک لەدەوڵەت و هیزەکانی تردا وەرچەرخێنێ. بەواتایەکی تر هەسەدە بەهۆی سیاسەتی پشتبەستن بەهێزە دەوڵەتیەکان وچاوتێبڕین لەقەڵشتە سیاسیەکانی نێوانیان، لەنێوان دوو زەلکاوی لەشکرکێشی تورکیا وتەسلیم بوونەوە بەسوپای ئەسەد ڕاوەستاو لەئاکامدا بژاردەی دووەمی هەڵبژارد، بێگومان هەنگاو هەڵگرتن لەزەلکاوێکەوە بۆ زەلکاوێکیتر، هیچکات کردەیەکی "ئاقڵانە" نییە هەروەک کەسانێک پیان وایە.

**هەسەدە بەهۆی سیاسەتی پشتبەستن بەهێزە دەوڵەتیەکان وچاوتێبڕین لەقەڵشتە سیاسیەکانی نێوانیان، لەنێوان دوو زەلکاوی لەشکرکێشی تورکیا و تەسلیم بوونەوە بەسوپای ئەسەد ڕاوەستاو لەئاکامدا بژاردەی دووەمی هەڵبژارد، بێگومان هەنگاو هەڵگرتن لەزەلکاوێکەوە بۆ زەلکاوێکیتر، هیچکات کردەیەکی "ئاقڵانە" نییە هەروەك کەسانێك پیان وایە...**

هەموو دونیاش شاهیدی تاوانەکانی ڕژێمی بەعسی سوریایە، کە کەمتر نییە لەتاوانەکانی لەشکرکێشی وفاشیزمی دەوڵەتی تورکیا. بەبڕوای من ئەو تەنها ئیختیار نییە لەبەردەم هەر هێزێکی سیاسیدا کەپشتی بەخەبات و تێکۆشانی شۆڕشگێرانەی جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێشی کوردستان و ناوچەکەو جیهان بەستبێ و لەسەر بنەمای ئەم بەرە چینایەتیە لەدژی تەواوی هێزو دەوڵەتانی کۆنەپەرست ڕاوەستابێ وپێداگری لەخەباتی بەرگریکارانەی جەماوەر بکات، کەچی جەماوەرەکەی لەزەلکاوی تورکیاوە ڕاکێشێت بۆ زەلکاوی ڕژێمی بەعس کەهەموان شاهیدی تاوانە وەحشیگەریەکەین. لەیەک وتەدا خەبات و تێکۆشانی جەماوەری سەربەخۆ و پشبەستو بەهێزی چینایەتی کارگەرو زەحمەتکێش وبەرەی ئازادیخوازی جیهان وجیاکردنەوەی ئەم خەباتە لەسەرجەم هێزو دەولەتانی کۆنەپەرست، بەئاسۆیەکی سیاسی شۆڕشگێرانەی سەربەخۆوە، ئەمە ئەو ڕێگایەیە کەهەر لەسەرەتای قەیرانی سیاسی وجەنگ لەسوریادا، غائیبە و هەرئەم ڕێگایەش دەتوانێ ئایندەیەکی شایستەی ئینسانی بخاتە پێشپای خەڵکی کوردستانی سوریاوە.

ڕاستیەکەی ئەوەیە کە دەسەڵاتی خۆجێی کوردستانی سوریا بەرهەمی خەبات و تیکۆشانی لە پێشتر و پێشڕەوەی بزوتنەوەی سیاسی و جەماوەری خەڵکی کوردستانی سوریا و گۆڕانی باڵانسی هێز لەدژی دەوڵەتی سوریا نەبووە، بەڵکو بەرهەمی ئەزمەو هەلومەرجێکی دیاریکراوی سیاسی بووە، کە ناسیونالیزمی کورد "باڵی پەکەکا" لە کوردستانی سوریا، توانی کەڵکی لێوەربگرێ و ئەو بۆشاییە سیاسی و ئیدارییە پڕبکاتەوە کە ڕژێمی سوریا لەئاکامی جەنگی ناوخۆوە بەجێی هێشت وتەسلیمی کرد بەهێزەکانی پەیەدەو ئەویش دەسەڵاتی خۆی لەو ناوچانەدا کردە ئەمری واقعێک.

بێگومان درەنگ یان زوو دۆخی سوریا ئاسایی دەبێتەوە وسەرەنجام ئاسۆیەک کە لەبەردەم دەسەڵاتی خۆبەرێوەبەریدایە، گەڕانەوەیە بۆ چارەسەری کێشەی کورد لەچوارچێوەی دەولەتی سوریادا. لەمەشدا چەند بژاردەیەک لەلایەن هێزەکان و دانوسانەکانی نێوانیاندا دەخرێتە ڕوو، لەوانە بەرەسمی ناسینی دەسەڵاتی خۆجیی و خۆبەرێوەبەری لەچوارچێوەی دەوڵەتی سوریادا، بەشێوەی فیدرالیزمی ئیداری، بژاردەیەکە کەپەیەدە باسی لێوەدەکات. بژاردەیەکی تر بەرەسمی ناسینی بەشێک لە مافە سیاسی و رۆشنبیری و کەلتوری و پەروەردەییەکان و جێگیرکردنی لەدەستوری داهاتووی سوریادا، کەزیاتر ڕوسیا باسی لێوەدەکات. جیابوونەوەی ئەو بەشە لە کوردستان و پیکهێنانی دەوڵەتیکی سەربەخۆ لە ڕێگای بەرپاکردنی ریفراندۆم و گەرانەوە بۆ بڕیاری ئازادانە و دوور لەهەرەشە و دەستێوردانی دەرەکی بژاردەیەکی ترە.

بەڵام ئەوەی کە ڕۆشنە دەوڵەتی دیکتاتۆری سوریا ناتوانێت، مافی هاوڵاتیانی یەکسان لەبەرامبەر یاسادا بێ گوێدانە ناسنامەی قەومی و دینی بەفەرمی بناسێت، هەروەها هەم دەوڵەتی سوریاو هەم سەرجەم وڵاتانی ئەوروپا وئەمریکاو ئێران و تورکیا پێداگری لەسەر یەکپارچەیی خاکی سوریا دەکەن و ڕازی نین بەسەلماندنی سازدانی ڕیفراندۆمێک بۆ ناوچە کوردنشینەکان تا بڕیاری جیابوونەوە بدەن. هەربۆیە ئەگەری کۆتاییهێنان بەدەسەڵاتە خۆجییەکەی کوردستانی سوریا، لەڕێگای جەنگ و لەشکرکێشی تورکیاوە ئەگەرێکی بەهێزە. ئەمەش هێزەکانی پەیەدەو ناسیونالیزمی کورد لەبەردەم تەجروبەیەکدا داناوە کەتا چەند دەتوانێ بەسیاسەتی پشت بەستن بە بڕیاری ئازادانەی جەماوەری و خۆ دورگرتن لە سات و سەودای شاراوە و بەدوور لە دەخالەتی خەڵک بکەوێتە شوێن زامنکردنی مافە فەردی و مەدەنی و ئینسانی و یەکسانیخوازی و پیشکەوتنخوازییەکانەوە، و هەمان ئەزمونی خۆبەدەستەوەدانی حزبە ناسیونالیستەکان لەکوردستانی عێراق وئێران دوبارە نەکاتەوە.

سەرئەنجام ئەوەی کە لەسوریادا حاشالێکردن هەڵناگرێت پرسی سیاسی و کێشەی خەڵکی کوردستانە، کە دەبێ بە ڕێگایەکی کارساز و بەدەورو دەخالەتی خەڵک بەپشت بەخۆ بەستنی جەماوەری، لەدەوری ئاسۆیەکی رۆشنی سیاسی دوور لە قەوم پەرستی و بەچارەسەری خۆی بگات. کە بێگومان بێ کۆسپ و کێشە، بێ رێگری و ناوخۆیی و دەرەکی و ناوچەییەکان نییە.

**دیدگای سۆشیالیستی: ئەم ئۆپەراسیۆنە ریزبەستنێکی تازەی ولاتانی ئەوروپای لەبەرامبەر تورکیادا**

بۆپێشەوە FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

**پێکهێناوە وتەنانەت دەنگی نارەزایەتی لەبەرامبەر ئۆردوگاندا درێژکردۆتەوە بەڕوویی ترامپ و دەستەی فەرمانڕەوای ئەمریکادا، ناوەڕۆکی ئەم ڕیزبەندیە چۆن دەبینن، ئایا ئەمە دەلالەتە بۆ دەرکەوتنی ئەوروپا وەک جەمسەرێکی جیهانی لەپەیوەند بەم ئۆپەراسیۆنەی تورکیاوە؟.**

**عەبدوڵا مەحمود:** کاردانەوەو هەلوێستی یەکێتی ئەوروپا تاڕادەیەکی زۆر بەجیا لە دڕندەیی و هەوسارپچڕاوی دەوڵەتی تورکیا، لەلایەکەوە لەژێر کاریگەری بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەریدایە، لەبەرامبەر ئەو لەشکرکێشییە نابەرابەر و نائینسانیەی کردویەتی سەر سنورەکانی تورکیا و هێزەکانی هەسەدە، کە لە شکست پێهێنانی داعشدا ڕۆڵی کاریگەر و بەرجەستەیان گێرا. لەلایەکی تریشەوە کاردانەوەیە بەرامبەر بە بڕیارە تاکڕەویەکانی ترەمپ، کە جێگای نارەزایەتی کۆنگریس و بەشی زۆری ئەندامی پارتی کۆماری و پارتی دیموکراتەکانی نەیاریشیەتی. یەکیتی ئەوروپا بەجیا لە توڕەییان لە دەوڵەتی تورکیا و سیاسەتی ملهوڕانەی ئەردۆغان، هاوکات نیگەرانن لەمامەڵەی دەوڵەتی ئەمریکا و خودی ترمپ و دەیانەوێت لە ئێستاوە ڕۆڵیان هەبێت لەوەی ڕیگە بگرن لەوەی جارێکی تر و بۆ دەورەیەکی تر لە هەڵبژاردنی ساڵی داهاتووی ئەمریکادا ترەمپ هەڵبژێردرێتەوە. ترەمپ بە هەڵبەزو دابەزی لە پرسە سیاسیەکانی دنیا و ناوچەکەدا، بەیانی شپرزەیی سیاسی دەوڵەتی ئەمریکا دەکات و ئاسایشی ئەوروپاش ڕۆژ بەڕۆژ دەخاتە بەردەم مەترسیەوە.

لایەنێکی تری هەڵویستی ئەوروپا ئەوەیە، کە دەیانەوێت لە داکشانی جێگەو ڕێگەی ئەمریکا لە دنیادا، کەڵک وەربگرن و ناکامیە سیاسییەکانی بقۆزنەوە لەڕێگای خستنەگەڕ و نیشاندانی ڕۆڵی خۆیان لە ڕوداو کێشە گەرمەکانی دنیای ئێستادا، و بەتایبەیش دەیانەوێت ڕۆڵی خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ببەنە سەرەوە. لەنێو دنیای چەند قوتبی ئێستا وەکو قوتبێکی حساب بۆکراو مایەیان بۆ دابنرێت و لە ئارایشی واقعیەتی سیاسی ئێستای دنیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا جێگایان هەبێت.

**سەرئەنجام ئەوەی کە لەسوریادا حاشالێکردن هەڵناگرێت پرسی سیاسی و کێشەی خەڵکی کوردستانە، کە دەبێ بە ڕێگایەکی کارساز و بەدەورو دەخالەتی خەڵك بەپشت بەخۆ بەستنی جەماوەری، لەدەوری ئاسۆیەکی ڕۆشنی سیاسی دوور لە قەوم پەرستی و بەچارەسەری خۆی بگات. کە بێگومان بێ کۆسپ و کێشە، بێ ڕێگری و ناوخۆیی و دەرەکی و ناوچەییەکان نییە.**

دەوڵەتی تورکیا، لەگەڵ ئەوەدا هەمیشە جێگای تەماحی وڵاتانی ئەوروپی بووە لەباری ئابوورییەوە، بەڵام ڕۆڵ و دەستێوردانی لە سوریاو تەواوی ناوچەکە و پشتیوانی ئاشکرای لە ڕێکخراوەی داعش و گروپە ئیسلامیەکانی تر لایەنێکی ئەو نائارامیەیە کە تەواوی ناوچەکەی کردۆتە کوانویەکی پڕ کێشەو خوێن ڕێژی و نائارام کردنی کە دەبێتە کۆسپ لەبەردەم کەڵەکەی سەرمایە. پرسی کۆچبەرانیش کە تورکیا لەگەڵ ئەوروپادا هەمیشە بەدەستیەوە گرتووە، لەپای ڕیگری کردن لەوەی لێشاوی پەنابەران برژێتە ئەورووپاوە ڕۆڵی پارێزگاری سنورەکانی گرتۆتە ئەستۆ و لەبەرامبەر بە هاوکاریی ئابوریەکدا کە وڵاتانی ئەورپایی پێی دەکەن، بەڵام بۆ وڵاتانی ئەوروپا ڕۆشنە کە بەشێکی زۆر پەنابەران دەرهاویشتەی سیاسەتی توکیایەو لە پاڵ سیاسەت و دەخاڵەتگەری ئێران و ئەمریکا و ڕوسیادا.

بە کورتیەکەی وڵاتانی ئەوروپا، لە هەلومەرجی بەرامبەرکێی قوتب و بلۆکە جیهانی وناوچەیەکان و ناکامی بەردەوامی ئەمریکادا لە گۆشەو کەنارەکانی دنیادا، دەیانەوێت ڕۆڵی زۆرتر بگێرن و وەکو بلۆکێکی تایبەتی لەئارایشی سیاسی دنیادا، یارچی بن. بەتایبەتیش فەڕەنسا کە هەمیشە وەکو ئاڵاهەڵگری سیاسی لەناو وڵاتانی ئەوروپیدا بەشی شێری بردووە.

**دیدگای سۆشیالیستی: ترەمپ هەر ڕۆژە قسەیەک دەکات، خۆی بڕیاری کشانەوەی داوە و هەرخۆشی باسی سیناریۆکانی ڕووبەڕووبونەوەی تورکیا دەکات، لەجەرگەی ئەم ڕاڕایی و لێدوانە ناکۆک بەیەکەدا، ترامپ جێگرەکەی خۆی ووەزیری دەرەوەی نارد بۆلای ئەردوگان و ڕیکەوتنێکیان ئیمزاکرد.. هۆکاری ئەم ناجێگیریە لەسیاسەتی ئەمریکادا بۆچی دەگەڕێتەوە؟ واتە بۆچی ئەمریکا لەلایەک بەپرتاو دەکشێتەوەو دۆخی سوریاو هاوپەیمانانێکی وەک هەسەدە بەفەرامۆشی دەسپێرێ و لەلایەکی تریشەوە فشار دەخاتەسەر تورکیا تاهێرشەکانی ڕابگرێت؟**

**عەبدوڵا مەحمود:** قسەو لێدوانەکانی ترەمپ، دەرخەری پێگەی ڕوو لەخواری بەردەوامی ئەمریکا و ناکامیەکانیەتی، لەبەرامبەر نەیارەکانیدا لە ئاستی دنیا و ناوچەکەدا. بڕیاری کشانەوەی کت و پڕی سوپای ئەمریکا لە لایەن ترەمپەوە، هەر کۆتاییهێنان بە ڕۆڵی ئەمریکا لەدۆخی ناوچەکەو سوریا و شکستێکی تری ئەمریکا نییە، بەڵکو هاوکات داننانە بەڕۆڵی ڕوولەپێشی ڕوسیا و تەسلیم بوونیەتی بە پێشڕەوی ڕوسیا و هاوپەیمانەکانی لەوانەش ئێران. کە ئەمە هاوکات بەیانی شکستی ئەمریکاشە لە بەڵێنی دەستکورتکردنەوەی ئێران لە ناوچەکەدا و هەنگاوێکی تری پاشەکشەی لەبەرامبەر ئێرانیشدا نیشان دەدات. ئەم هەموو ناکامیانە دەوڵەتی ئەمریکای توشی دەردی شپرزەیی سیاسی کردووە و دورنمایەکی ڕۆشنی بۆ هیچ کام لە دۆسیەو فایلەکانی دنیای ئەم سەردەمە لەدەستدا نەهێشتۆتەوە. هەر ئەوەیە بڕیار لە کشانەوە دەدات و ئازاری ئاکامەکانیشی پێ قبوڵ ناکرێت. هەژموونی دەوێت و ڕیگاکانی شکست دەگرێتە بەر. دەیەوێت ئێران و تورکیا جڵەو بکات، کەچی سوریا بۆ ئێران جێ دەهێڵی و تورکیاش تادێت بەرەو ڕوسیا دەکشێت و ئێستاش ترسی دەرچوونی تورکیا لە ناتۆش هەیە...

گڵۆپی سەوز بۆ هێرشی تورکیا هەڵدەکات و دوای ۹ ڕۆژ تورکیا لە هێرشەکانیدا ناکام دەبێت. پاشەکشە لە سوریا دەکات، نەیارەکانی بە پرۆژەیەکی بەرق ئاسای ڕوسیا، ڕیکەوتنی نێوان سوریا و هێزە کوردیەکان دەکاتە بەدیلی پێشوەختە... دوای چەند ساڵ کار لەگەڵ یەپەگە بەخێرایی دەکەوێتە سەنگەر لێ گرتنیان...

**دیدگای سۆشیالیستی: سەرەنجام ئەمریکا و تورکیا ڕێکەوتنێکیان ڕاگەیاند، بڕیارە لەزوترین کاتدا تورکیا هێرشەکانی خۆی ڕابگرێ وهەسەدەش هێزەکانی خۆی بۆ ئەو شوێنانە بکشێتەوە، کەجێگای ڕەزامەندی تورکیایە. لەلایەکیترەوە هەسەدە لایەنگری خۆی بۆ ڕێکەوتنەکە ڕاگەیاندووە، خەڵکیش دڵخۆشن بەم ڕێکەوتنە.. ناوەڕۆکی ڕێکەوتنەکە چیە و تاچەند ئەتوانێ دۆخی سوریا بەرەوکۆتایی جەنگ بەرێ؟ ئایا ئەم ڕێکەوتنە ناکاتە ئەوەی هێزەکانی تورکیا لەناوچە سنوریەکان بۆماوەیەکی زۆرتر جێگیر بکا؟**

**ئەم ڕێکەوتنامەیە ئەگەر بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە یانی ڕادەستکردنی زوربەی شارە کورد نشینەکانی سوریا بە تورکیایە. بەمانایەکی تر ئەوەی تورکیا بەجەنگێکی سەخت بۆی بەدەست نایەت، لەڕێگای ئەو ڕێکەوتنەوە بۆی فەراهەم دەبێت و دەسەڵات و قەڵەمڕەوی هەسەدەو یەپەگە سنودار و بەرتەسك و بچوك دەکاتەوە... کەدواتر کۆتایی پێهێنانی کارێکی سەخت و قورس نابێت.**

**عەبدوڵا مەحمود:** ڕیکەوتنی ئەمریکا و تورکیا، لە کاتێکدا ئەمریکا هەڕەشەی جۆراوجۆری لە تورکیاو داڕماندنی ئابورییەکەی دەکرد، بۆ بەرگرتن بوو لەوەی تورکیا بەتەواوەتی نەترازێتە کۆشی بەرەی ڕوسیاوە و لەناتۆش نەکشێتەوە، لەلایەکی تریشەوە بەهاناوە چوونی تورکیا بوو کە ماوەی ۹ ڕۆژ بوو، نەیتوانی هیچ پێشڕەویەکی جێگای باس بکات و لەبەرامبەر خۆراگری هێزەکانی هەسەدەدا. هەسەدە ئاگربەستی قبوڵ کرد، لەکاتێکدا ڕیکەوتننامەیەک کە ئەمریکا لەگەڵ تورکیا کردویەتی هیچ ڕۆڵیکی بۆ ڕاو بۆچوونی هەسەدە دانەناوە. وەکو دەڵێن، ئەم ڕێکەوتنە بەڵێندانی ئەمریکاو مامەڵەی ئەو بووە لەگەڵ تورکیادا بە دانی ئیمتیازاتێک کە هی خۆیی نییە بە تورکیا، بە قەولی کوردی "پیاوەتی کردن بە ئاوی حەمامەوە"!!


ناوەڕۆکی سەرەکی ڕێکەوتنامەکەش، بریتییە لەڕاگرتنی ئۆپەراسیۆنەکەی تورکیا بۆماوەی ۱۲۰ سەعات واتە ماوەی پێنج ڕۆژ، لەبەرامبەر کشانەوەی هێزەکانی یەپەگەو هەسەدە بەقوڵایی۳۲ کیلۆمەتر، لەگەڵ پاشەکشەی یەپەگەدا، تورکیا ئاگر بەستی هەمیشەیی ڕادەگەیەنێت، هەروەها تورکیا و ئەمریکا بەیەکەوە ئیدارەی زیندانەکانی داعش دەکەن وڕێگری لەسەرهەڵدانەوەی داعش دەکەن، تورکیا ناوچەی ئارام لەڕۆژهەڵاتی فورات تاوەکو سنوورەکانی عێراق دروست دەکات...

بێگومان ئەم ڕێکەوتنامەیە ئەگەر بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە یانی ڕادەستکردنی زوربەی شارە کورد نشینەکانی سوریا بە تورکیایە. بەمانایەکی تر ئەوەی تورکیا بەجەنگێکی سەخت بۆی بەدەست نایەت، لەڕێگای ئەو ڕێکەوتنەوە بۆی فەراهەم دەبێت و دەسەڵات و قەڵەمڕەوی هەسەدەو یەپەگە سنودار و بەرتەسک و بچوک دەکاتەوە... کەدواتر کۆتایی پێهێنانی کارێکی سەخت و قورس نابێت.

جێبەجێ بوونی ئەم ڕێکەوتنامەیە هیچی بۆ یەپەگە و دەسەڵاتی خۆجیی و کانتۆنەکان تیانییە، جگە لە ئاگر بڕێکی کاتی. وە ئەمەش بەهیچ جۆرێک ناتوانێت کۆتایی بە جەنگ بهێنێت و ئارامی بگێڕێتەوە. بەپێچەوانەوە بەدانانی "ناوچەی ئارام" کە تورکیا مەبەستی کۆنترۆڵ کردنیەتی، ئاوارە عەرەب زمانەکانی سوریایە لەو ناوچەیە لە جێگای دانیشتوانی ئەسلیٚ خۆی جێگیر دەکات، کە ئەمەش سیاسەتی تەعریب کردنی ناوچەکە و دوبارە ئاوارەکردنەوەی دانیشتوانی پێشوویەتی، ئەمەش خۆی دەبێتە سەرەتایەکی ترسناک بۆ قوڵکردنەوەی کێبەرکێی قەومی و نائارام ڕاگرتنی هەموو ئەو ناوچانەو گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچەکە. هاوکات ئەمە کۆمەک دەکات بۆ سازکردنی ژینگەی دوبارە پێگرتنەوەی هێزەکانی داعش و گروپی تری لەچەشنی داعش. لەهەموو ئەوانەش واوەتر پرسی سیاسی کورد ئاڵۆزتر و پڕکێشەتر دەکات. ملهوری تورکیاش لەتەواوی ئەو ناوچەیە جێگیر دەکات و ئاستی هەڕەشەکانی بۆسەر کوردستانی عێراقیش دەباتە سەرەوە. بەکورتیەکەی ئەم ڕێکەوتنامەیە پلانێکی چەپەڵی ئاوس بەسەدان کیشەی ترە، و ئاڵۆزکردنی زۆرتری دۆخی سوریاو سنورەکانە و سەرەتای پلانێکی بەنەخشەیە بۆ کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی خۆبەرێوەبەری لە کوردستانی سوریادا.. ئەگەر ئەو ڕێکەوتنامەیە جێ بەجێبکرێت، قوربانیانی دەیان و سەدان جار زیاتر لە قوربانیانی بەرەی وەستانەوە بەڕووی هێرش و ملهوری تورکیادا و ترسی لەدەستدانی ئەزموونی ڕۆژئاواش، زیاد دەکات.

ماویەتی

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە



# دیمانە لەگەڵ مەنسوری حیکمەت سەبارەت بە ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی چینی کرێکار

## بەشی چوارەم

**کۆمۆنیست: لە بەشی سەرخەتی سیاسەتەکانی ئێمەدا هاتوە خستنە پاڵ یەکی سەرمایەکان لە ڕشتە جیاوازەکانداو خاوەنداریێتی دەوڵەتی ئەبێتە هۆکاری ئەوەی کە ڕیکخستنی باشتری کرێکاری لەسەر ڕێکخراوەی فابریکەیی-ناوچەیی پتەوتربێت. پرسیارەکە ئەوەیە کرێکاران لە خەباتی ئابوریدا ڕاستەوخۆ لەبەرامبەر خاوەن کاردا ناوەستنەوە. چونکە سەرمایەی دامەزراوەیەک دەکرێ هی ژمارەیەکی زۆر لە بەشداران بیت، کە تەنانەت بۆیەکجاریش ئەو کریکارانەی کەلە کۆمپانیەکەیاندا کاردەکەن نەیبینی بێت. کرێکار لەگەڵ خاوەنکار یان نوێنەرانێکی سەرمایە بەرەو ڕوو دەبێتەوە کە کاریان ڕێکخستوە ئەویشیان خستوەتە بەرکار وکاریان بۆ دەکات. خەباتی ئابوری ڕۆژانەی لەبەرامبەر ئەم دامەزراوەیەدایە. بۆ نمونە کرێکارانی پیشەسازی نەوت لەگەڵ کۆمپانیای نەوتدا بەرەو ڕووەو کرێکاران پێشەسازی کارەبا لەگەڵ دەزگای سەرپەرشتی کارەبا. ڕێکخراوێک کە بیەوێت لەهەر ئاستێکدا کرێکاران بەشێوەیەکی یەکپارچە و بە ئاسانی لەبەرامبەر دژەکانیاندا دابنێت، هەڵبەتە ڕێکخراوێکی ناوچەییش نییە. ئەگەر کرێکارانی پاڵاوتگەی تاران و پاڵاوگەی شیراز لە پەیوەندی ڕاستەوخۆ و لە ڕێکخراوێکدا بن ئەوە چەکێکی بەهێزیان لەخەباتی ئابوری خۆیاندا هەیە هەتا ئەوەی کە لەڕێگەی ڕێکخراوە ناوچەییەکان بەیەکەوە ببەستیرێنەوە کۆبکرێنەوە. ئایا شوراکان لەگەڵ ئەو جۆرەکارو خەباتی ئابوریەدا نزیکایەتیان هەیە؟ نموونەیەک لەم بابەتەدا بە گریمانە وەربگریت و لە گشتیدا ڕونی بکەرەوە کە ئەم بزوتنەوەی گشتیەی کەشوین مەبەستی بڕیارنامەکەیە، بەچ ڕێگایەک وەڵام بە کێشە جیاوازو جۆراوجۆرەکانی خەباتی چینەکە دەداتەوە، بەبێ ئەوەی وادەربکەوێت کە بەڕوکەش نیازی گۆڕانی روکەش" شکڵی" بێت.**

**مەنسور حیکمەت:** مەبەستی بڕیارنامەکە ئەوەیە کە لەگەڵ چڕبوونەوەی بەرهەم و ناسراوی پیشویان، وەکو نەریتێک ئەوکارە بەشیوەی تر خۆ ڕیک بخرێت، بەمەبەستی پەرەسەندنی خاوەنداریێتیە گەورە دەوڵەتی و مۆنۆپۆلەکان و هەروەها بەهاتنە مەیدانی دەوڵەت وەک لایەنی سەرەکی لەبەرامبەر کرێکاراندا، ئەو مەسەلانەی کە ژیان و کاری کرێکاران دیاری دەکا، هەروەها شێوەکانی باشتربوونی بارودۆخی ژیان و ئازادی کاری سیاسی کرێکاران، هەرچی زیاتر شێوەی سەراسەری سەرو ڕشتەیی لەخۆ دەگرن. ئەگەر سەرنجی خەباتی ئەم چەند ساڵەی دوایی چینی کرێکاری ئێران بدەین، بە ئاشکرا دەکەن، بەلاّم بەنرخی دوورەپەرێزکردنی ئەم لقە لە لقەکانی تر. ئەزمونی کرێکارانی کانەکان یان چاپخانەکانی ئینگلستان لەم چەند ساڵەی دوایدانە نمونەی کلاسیکی ئەم خاڵە لاوازەی یەکێتیە کرێکاریەکانە. کرێکاری کانەکان لە پێناو پاراستنی کارەکەیدا ساڵێکی تەواو قارەمانانە مان دەگرێت، دەیەها هەزار خێزان و زۆرجار ئەوشارانەش کە بەدەوری بەرهەمهێنانی خەڵوزی بەردینەوەن دوچاری هەژاریەکی کەم وێنە دەبن، بەلاّم یەکێتی هاوسێ کردن و ڕێ پیشاندانی خەباتی شورا کرێکارییەکان لە ڕشتەیەکی دیاریکراودا. شورا ناوچەییەکان یا شورای سەرتاسەری ئەتوانێت کۆمیسۆن و کۆمیتەی تایبەتی هەبێت بۆ چڕبونەوە مەسەلەکانی کرێکاران لە لقە جیاوازەکانی بەرهەمهێنان لە چوارچێوەی هەڵسوڕانی خۆیدا. شورای ناوچەیی یان سەرتاسەری ئەتوانێت کە دەسەڵاتی ئەو کۆمیسۆن وکۆمیتانە بە شێوەک دیاری بکات کە وەڵامدەرەوەی نیازەکانی ڕابەری خەبات لەوجۆرە مەسەلانەدا بێت. بەهەر حاڵ ئەبێت خاڵی دەستپێک و بنیادی بنچینەیی بناسین و خۆمان لەگەڵ ئەو واقیعیەتانەدا بگونجێنین. بناغەی بزوتنەوەی نەقابی پێناسەو مەوقعەیەتی کرێکارە لە دابەشکردنی کاردا. وە پاشان هەوڵ ئەدات ئەویش هەمیشە زۆر بەکەمی تییدا سەردەکەوێ بۆ پێکهێنانی بەرەو جۆرە ڕێکخراوبوونێکی تەکیبی لەنێوان نەقابە جیاوازەکاندا، تاکو جۆریک رابەری سەراسەری بۆهەموو کرێکاران قەوارە پیبدات، لەبەرئەوە پێکهێنانی یەکگرتنی چینایەتی و سەرو سنفی و دەستەیی گرفتکی هەمیشەیی

**بزوتنەوەی شورایی لە مەقعیەتی گشتی کرێکارەوە وەك کرێگرتەیەکی ژێرستەم لەبەرامبەر سەرمایەدا دەوەستێتەوە. واتە لە پێناسەی چینایەتی کرێکارانەوە، هەوڵ ئەدات وەڵامدەرەوەی نیازە تایبەتیەکانی کرێکاران بێت لە لق و ڕشتە جیاوازەکانی بەرهەمهێناندا...**

ئەم ڕاستە بەدی دەکرێت. یاسای کار، لێک جیاکردنەوەی کارەکان، کاتژمیری کار، بیمەی بێکاری و هتد، ئەمانە مەسەلەی سەرەکی بوون لەم دەورەیەدا. لەئێران هەر نارەزایەتیەکی کرێکاری ڕوبدات، تەنانەت لە کارگەیەکی بچوکی بەشی تایبەتیشدا بەشێوەیەکی زەق و ئاشکرا یەکسەر دەوڵەت دێتە مەیدانەوە وەک پارێزەرو سەرپەرشتی خاوەنکار. یەکیەتیەکانی خاوەنکارە تایبەتیەکان لە ڕشتە دیاریکراوەکاندا لە ئێران کەمتر هەیەو بەشیوەیەکی سەرەکی دەوڵەت ئەوکارە ئەنجام دەدا بۆ بەشت تایبەتی. کرێکاری ئێرانی زۆر زوو خۆی لەبەرامبەر دەوڵەت، وەزارەتی کارو یاساکانی دەوڵەتدا ئەبینێتەوە.

بەلاّم بەهەر حاڵ باسەکەی ئێوە دەست دەخاتە سەر خاڵێکی دروست. زۆرجاری واهەیە دەبێ کە کرێکارانی ڕشتەیەک یان لقێکی دیاریکراوی بەرهەمهێنان ڕووبەڕووی مەسەلەی هاوبەش دەبنەوە کەناتوانرێ یەکسەر هەموو لقەکانی تر بگرێتەوە. هەر ڕێکخراوبونێکی جەماوەری کرێکاری ئەبیت بتوانێت لەو کاتەدا ڕابەری خەبات دابین بکات. یەکێتیە کرێکاریەکان، دیارە بە هەمان شێوازی کرێکارانی بارکردن وگواستنەوە، یان یەکێتی کرێکارانی کارەبا وهتد، تا ئەو جێگایەی کە خۆیان لەبەردەم هەڕەشەدا نابیننەوە، دەست دەخەنە سەر دەست و یان لەوەش خراپتر لە خزمەتی شکست پێهێنانی مانگرتنی مەعدەنچیەکاندا کاردەکەن. ئەم شیوە ریکخراو بوونە لەسەر بنەمای ڕشتەو لق ئەگەر زیاد لە ئەندازەی خۆی بەرجەستە بکرێتەوە زیان بە کرێکاران دەگەیەنێت.

بزوتنەوەیی شورایی ئەم لاوازیەی نییە. واتە بنەماکەی لەسەر پێناسەی چینایەتی کرێکاران و کۆبونەوەی ناوخۆو و ناوچەیی دامەزراوە، بەلاّم ڕەنگە ئەم نیگەرانییە لەئارادابیت بەو شێوەیەی کە وتت. ئەو هەستیارییە کە لەناو سەنیکای لقەکان و پیشەییەکان هەیە لەبەرامبەر بە کێشە تایبەتی کرێکارانی بەشێک یان لقێکی دیاریکراو نەبێت. ئەبێت بیرێک بۆئەوە بکەینەوە. بەبۆچونی ئێمە بزوتنەوەی شورایی وسیستەمی شورایی توانای جووتبوونی هەیە لەگەڵ ئەم هەل و مەرجەدا. پەیکەری ناوخۆیی و ناوچەیی پێکهاتەی بنەڕەتی و بڕبڕە پشتی سیستەمی شورایی پێکدەهێنێت. بەلاّم ئەمە ڕێگر نییە لەوەی کە بزوتنەوەی تریدیۆنیزمە. لەبەرامبەر ئەوەدا بزوتنەوەی شورایی لە مەقعیەتی گشتی کرێکارەوە وەک کرێگرتەیەکی ژێرستەم لەبەرامبەر سەرمایەدا دەوەستێتەوە. واتە لە پێناسەی چینایەتی کرێکارانەوە، هەوڵ ئەدات وەڵامدەرەوەی نیازە تایبەتیەکانی کرێکاران بێت لە لق و ڕشتە جیاوازەکانی بەرهەمهێناندا. هەردوو شێوەکە گرفتی خۆیان هەیە. بەلاّم ئەوەی دووهەمیان بەلای ئێمەوە، شێوەی چینایەتی ترو دروسترە.

**کۆمۆنیست: ئەگەر بڕیار بێت شوراکان بیرۆکەی گەیشتن بن بە واقیع، ئەوە ئەبێت هەموو بەشەکانی نیشاندەری کردەیی و هەستپێکراو بەیان بکرێت. هەر بەو جۆرەی کە ئەلگۆ تەواو پێناسەکراو لە ڕێکخراوەی سەندیکایی، بەشە جیاوازەکانی، بناغەی هەڵسوڕان لەو ڕێکخراوەو تەنانەت ئاییننامەکان و بڕیارنامە ناوخۆییەکانیش. ئایا حیزب وردبینی بیرۆکەی شورا لەلایەنی کردەیی و جێبەجیکردنەوە بە ئەرکی خۆی دەزانێت یان ئەمە بەم بزوتنەوەیە دەسپێرێت؟**

**مەنسور حیکمەت:** ڕێگەم بدەن کە جارێکی تر وە بیری بهێنمەوە کە بەبۆچونی من "ئەلگۆی تەواو ناسێنراو لە ڕێکخستنی نەقابی و بەشەکان و دەستور و ئاییننامەکان و بڕیارەکانی "نەک تەنها خاڵی بەهێزی سەندیکایی نین بەڵکو ڕێگریکی گرنگی ئەم بزوتنەیەوە لە پێکهێنانی پەیوەندی لەگەڵ نارەزایەتیە خەباتکارانەکانی کرێکاراندایە. هەر سەندیکالیستێک کە ئەمڕۆ بیەوێت لەگەڵ تێکۆشانی ڕادیکاڵ و خەباتکارانەی کرێکاراندا بناسرێتەوە

**کرێکار لە کۆمەلگەی سەرمایەداریدا هەم دەبێ بتوانێ بەرگری لە مافەکانی هەر ئیستاو ڕۆژانەی خۆی بکات، وە وەکو فرۆشیاری هیێزی کار گوزەرانی خۆی باشتر بکا. وە هەم شۆڕشی خۆی دژی سەرمایەداری ڕێك بخات و خۆی ئامادە بکات بۆ بەدەستەوە گرتنی دەسەلأت و حکومەت کردن و تیکشکاندنی پایەی دەسەلأتی چینە چەوسێنەرەکان....**

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

ناچارە بەشێک لەو ئەلگۆیانەو بنەما و پێوانە"بەتەواوەتی پێناسەکراوان"ە هەڵوەشێنێتەوە. ئەمە بەتایبەتی بۆ ئێران ڕاستە.

ئەلگۆو پێوانەکانی "بەتەواوەتی ناسێنراوە"ی سەندیکاکان، واتە ئەلگۆی سەندیکا یاساییەکانی لە وڵاتانی سەرمایەداری وئەوروپا وئەمریکا. بیگۆمان خۆبەستنەوە بە ئەوانەوە لە ئێراندا هەنگاوێک کەس لە هیچ جۆرە سەندیکایەک نزیک ناکاتەوە. ئەمڕۆ بزوتنی هەر ئەو ئەندامە زیاتر جەنگاوەرانەی بزوتنەوەی نەقابی سەندیکایی ئەمڕۆ نەک لە پێوەرە 'ناسرێنراوانە" وەیە، بەڵکو لەپێداچوونەوە خۆیاندایە بەو پێوەرانەوە.

کۆبونەوەی گشتی لەگەڵ دەسەڵاتی فراوانی بەشێک لە بنەما پێناسەکراوەکانی سەندیکادا نییە. لایەنگرانی ڕادیکاڵتری سەندیکا لە ئێراندا، ئامادەن پشتی نەقابەکانی خۆیان بە کۆبونەوەی گشتیەوە ببەستنەوە. ڕازی بوون بەخۆبەستنەوە گۆڕانانەی کەلەژێر سەرپەرشتی خۆیاندان، وە لەبەرامبەر هەر مەسەلەیەکدا کەپێویست بکات لەوچوارچیوەدا دەست بدەنە نارەزایەتی کرێکاریی.

* شورا کرێکاریەکان دەتوانن گشت ڕێکخراوە کرێکاریەکان چ لە ئاستی ناوچەیی و چ لەئاستی سەرتاسەریدا بەخۆیانەوە گرێبدەن. پێوانەی ئەم بەستنەوەیە ئەم یەکگرتنە دەگەڕێتەوە بۆ شوراکان خۆیان و ئەوان دیاری دەکەن.

ئەم خاڵانە وینەیەکی گشتیمان لە بینای سیستەمێکی شورایی ئەدات بەدەستەوە، بەڵام پێوانەی بەکردەوەیی ترو کۆنکرێتر بزوتنەوەکە خودی بزوتنەوەی شورایی دەیناسێنێ لەڕیڕەوی بەرەوپێشەوە چوونی خۆیدا. پەرەگرتنی کاری واقعی شوراکان لەدوا شیکردنەوەدا دەگەڕیتەوە بۆ هاوسەنگی هێزە چینایەتیەکان. هیچ بڕیارو بڕیارنامەیەک نابێت مەودای کاری شوراکان سنوردار بکات.

**شوراکان ناچار نین بەخۆبەستنەوە بە سەردەمە شۆڕشگێڕانەکانەوە. کرێکاران دەتوانن کەڵك وەرگرن لەشوراکان وەك ئامڕازی بەرگری لەبەرژەوەندیەکانیان وەکو فرۆشیاری هێزی کار ...**

بەخەباتی ئابوری لەچوارچێوەی ئەو یاسایانەی ئیستا هەن، یەکێکە لە پێوەرە "ناسێنراو زانراو" کە هیچ کام لە نەقابییە خەباتکارەکان ئامادەنین پەیڕەوی بکەن. لەبەرئەوە پێناسەی ئەلگۆکان و پێوەرە پێویستەکان بۆ خودی بزوتنەوەی سەندیکایش مەسەلەیەکە. سەندیکالیستێکی ئێرانی لە کۆتایی سەدەی بیستەمداو لەژێر دەسەڵاتی ڕژێمی ئیسلامیدا زۆر کەم دەتوانێت کەڵک لە میراتی بزوتنەوەی سەندیکایی لە مەیدانی پێوانە و بنەما وبڕیارنامەی سەندیکا وەرگرێت، پێویستە بۆخۆی سەرلەنوێ دەربڕینی تازە لە نەقابەو پێوەرەکان بەدەست بهێنێ. لەواقعدا ئەگەر باش سەرنج بدەین، بۆچوونی نەقابیەکانی ئەمڕۆ زۆر نادیارترە لە بۆچوونەکانی لایەنگرانی شورا. لە ئەکسەریەت و حزبی تودەوە بگرە تا باڵی چەپی سۆشیالیستە خەلکیەکانی لایەنگری پێکهێنانی نەقابە، بەڵام نموونەکانیان کەمتر لەیەک دەچن، ئەگەر لەڕووی ئسولّیەوە، نموونەکانیان خستبێتە بەرچاویان، بەڵام لەبارەی شوراکانەوە، ئایا حزب نموونەی باشتر ناسێنراوی هەیە. بەڵێ تا ئەمڕۆ دەربارەی شوراکان و تایبەتمەندیەکانیان زۆرمان قسە کردووە دەربارەی پەیکەری سیستەمی شورا کرێکارییەکان دەتوانین ئەم خاڵانە بخەینە ڕوو:

* شورا پایەیی، کۆبونەوەی گشتی کرێکاران یەک دەزگا وە یان چەند بەشێک دەزگای "گەورەتر"ی بەرهەمهێنان و ئابوریە. هەموو کرێکارێک، نەک بەهۆی دەرهێنانی کارتی ئەندامێتی و دانی حەقی ئەندامەتی، بەڵکو بەهۆی کرێکار بوونیەوە، ئەندامی ڕاستەوخۆ و خاوەنی دەنگە لە شورادا.

* شورا پەیڕەوی دەکا لە پەیکەرێکی ناوچەیی، نەک رشتەیی یان سنفی. واتە شورای باڵاتر، شورای نوێنەرانی شورا بنەڕەتیەکانە لەناوچەیەکی دیاریکراودا. ئەم پەیکەر قوچەکیە (هەرەمی)ە پەرەدەستێ تا دەگاتە شورایی سەراسەری.

* نوێنەرانی شوراکان لە شوراکانی باڵاتردا، هەر کاتێک ئەوانەی هەڵیان بژاردون بیانەوێ لادەچن و بانگ دەکرێن.

* کۆبونەوەی گشتی لەهەموو ئاستێکیدا، لە شورای بنەڕەتیەوە هەتا شورایی نوێنەران، باڵاترین دەسەڵاتی بڕیاردەری هەر شورایەکە. کۆبونەوەی گشتی دەزگاکان وە لێپرسراوانی بەجیهێنەری خۆی دادەمەزرێنێ بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکان لەماوەی دانیشتنەکانی خۆیدا. ئەم لێپرسراوەتییە هەموو کاتێک قابیلی لابردن و گۆڕان دەبن لەلایەن کۆبونەوەی گشتیەوە.

* بنەماو پێوانەی شوراکان ئەوان تەنها بە خەباتی ئابوریەوە نابەستێتەوە. شوراکان ڕیگەبەخۆیان دەدەن کە دەخالەت بکەن لەهەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی، سیاسی و بەڕێوەبەری و لەو

لەبارەی بزوتنەوەی شورایی و شوراکانەوە، ئەبێت خاڵێک زیاد بکەم کە بۆ ڕونکردنەوەی بنەمای هەڵوێستی حیزب پێوستە. کرێکار لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا هەم دەبێ بتوانێ بەرگری لە مافەکانی هەر ئیستاو ڕۆژانەی خۆی بکات، وە وەکو فرۆشیاری هێزی کار گوزەرانی خۆی باشتر بکا. وە هەم شۆڕشی خۆی دژی سەرمایەداری ڕێک بخات و خۆی ئامادە بکات بۆ بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات و حکومەت کردن و تێکشکاندنی پایەی دەسەڵاتی چینە چەوسێنەرەکان. تا ئەو جێگەی کە چەپ لەبنەڕەتدا بەدەورێک بۆ ڕێکخستنی جەماوەری کرێکاری ڕازیبووە، زۆرتر دەورەی یەکەمی بە یەکیەتیەکان داوەو دەورەی دوهەمیش بە شوراکان.

ئەم تێڕوانینە بەتەواوەتی پەیوەست ئەبێتەوە بە ڕەوتی ڕوداوەکانی تا ئیستای بزوتنەوەی کرێکاری. سەدەمی ناشۆرشگێڕی شایانی هەڵسوڕاوبوونی یەکیەتیەکان ونبوونی شوراکان بوون. وە لەسەردەمی شۆڕشگێڕیدا ڕۆڵی شوراکان وەردەکەوتووە. بەڵام ئەمە دەستورێکی پێشینە نییە. یەکێتیەکان و شوراکان ئەو ئەلگۆیانە نین کەلەسەر بنەمای پێداگرتن و تەرحێکی پێشتر زانراو کرێکاران لە دەورانی شۆڕشگێڕانەدا پەنا بۆ یەکێکیان و لە دەروانی دامرکانەوەدا پەنا بۆئەوی تریان بەرن. شوراو یەکیەتی هەر بەوشێوەیەی کە وتم نوێنەرایەتی دوو ئاسۆو ئامانجی خەباتکاری جیاواز دەکەن کە لە سەردەمە

دەوران بەندییە سیاسیەکان لەکۆمەڵگەدا، پەیوەندییەکی تیۆری دەستور کارێکی بریار لێدراو نییە.

پرسیارێکی تر کە بەم جۆرە دێتەوە پیشەوە ئەوەیە کە ئایا بزوتنەوەی شورایی و شوراکان ئەتوانن خۆیان جووت کەن لەگەڵ نیازەکانی خەباتی کرێکاری لەسەردەمێکی ناشۆڕشگێڕانەدا، هەروەکو نەقابەکان هەوڵ دەدەن تا لەسەردەمی شۆڕشگێریدا خۆیان لەگەڵ واقعیاتی تازە بگونجێنن. بەڕای من ئەمە دەکرێ. شوراکان ناچار نین بەخۆبەستنەوە بە سەردەمە شۆڕشگێڕانەکانەوە. کرێکاران دەتوانن کەڵک وەرگرن لەشوراکان وەک ئامڕازی بەرگری لەبەرژەوەندیەکانیان وەکو فرۆشیاری هێزی کار. سەبارەت بە ئێران لەو باوەڕەداین نەک تەنها ئەم دەرفەتە هەیە، بەڵکو بەبوونی بزوتنەوەیەکی نەقابی جدی و نەبوونی زەمینە کۆمەڵایەتی و سیاسی گونجاو بۆ وەزعیەتی تریدیۆنیزم لە ئێراندا، بزوتنەوەی شورایی بەرپرسیار دەکا لە پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە، وە ئەم بزوتنەوەیە بۆ بەجێهێنانی ئەم بەرپرسیاربوونە لە ئێراندا ئەمڕۆ زەمینەو پایەو ماددی گونجاوی هەیە. گومانی تیا نییە کە بزوتنەوەی شورایی لەم جۆرە هەلومەرجەدا دەستی ناگات بەتەواوی ئاسۆی خەباتکارانەی خۆی. گومانێک لەوەدا نییە کە بزوتنەوەیی شورایی لە قۆناغە سەرەتاییەکانیدا ڕووبەڕووی سنورداریەکی زۆر دەبێتەوە. هەر بۆیەشە ئیمە لەسەرەتاوە وەکو هەنگاوی یەکەم باس کۆبونەوە گشتیەکان دەکەین. ئەمە بزوتنەوەیەکە بۆ شکڵدان بەشورا بناغەیەکان و پێکهێنانی جۆرێک لە پەیوەندی بەکردەوە و نافەرمی نێوانیان کە لە قوناغەکانی دواتردا دەرفەت دەرەخسێنێ بۆ پێکهێنانی شوراکانی باڵاتر.

بەم جۆرە بزوتنەوەی کۆبونەوەی گشتی هەم وەڵامێکی سەربەخۆ لەخۆیدایە یە بە پێوستیەکانی خەباتی ئیستا و هەم بەردی بناغەیە بۆ بزوتنەوەی شورایی بەگشتی. لایەنگرانی شیوازەکانی تری ڕێکخراوبوونی جەماوەری کرێکاران، بۆنمونە ئەوانەی بەرگری لە سەندیکای خەباتکار، دەکەن، دەتوانن و مافی خۆیان دەبێ کە بزوتنەوەی کۆبونەوەی گشتییەکان بەپایەی پێشرەویەکانی دواتری خۆیان بزانن بە ئاراستەی پێکهێنانی نەقابەکان. ئیمە نەک تەنها گیروگرفتێک لەو مەسەلەیەدا بەدی ناکەین، بەڵکە لامان وایە ئەگەر ئەو ئەندازەیە لەگونجان هەبێت لەنێوان باڵە خەباتکارەکانی بزوتنەوەی کرێکاری، جیا لەدوورنمای دوورتریان، بزوتنەوەی کۆبونەوەی گشتی و بەدوای ئەویشدا، خەباتی ئیستای کرێکاری بەخێراییەکی زیاترەوە گەشە دەکات. بەڵام بەش بەحاڵی خۆمان دڵنیاین لەوەی کە بزوتنەوەی کۆبونەوە گشتیەکان گونجاوتر دەبێ لەگەڵ پێکهاتنی دواتری تۆڕی شورا کرێکاریەکان تا

**شورا پەیڕەوی دەکا لە پەیکەرێکی ناوچەیی، نەك رشتەیی یان سنفی. واتە شورای باڵاتر، شورای نوێنەرانی شورا بنەڕەتیەکانە لەناوچەیەکی دیاریکراودا. ئەم پەیکەرە قوچەکیە (هەرەمی)ە پەرەدەستێ تا دەگاتە شورایی سەراسەری...**

جیاوازەکاندا بەهێزو لاواز دەبن. جیا لەم شێوەیە دەبوو لەهەلومەرجی شۆڕشگێڕانەدا بەگشتی نەقابەکان بە سودی شوراکان بکەونە کەنار شوراکان لەهەلومەرجی خامۆشدا بەرەسمی بەقازانجی نەقابەکان خۆیان هەڵوەشێنەوە. واقعیەت ئەوەیە کە ئەو قەرارو مەدارو قانوونمەندییە لەئارادا نییە. نەقابەکان لەهەلومەرجی شۆڕشگێڕانەدا دەمێنەوەو کۆشش دەکەن بۆ پاراستن و زیادبوونی پێگەی خۆیان تا ئەوشوێنەی کە لەمێژووی شۆڕشەکان دەریخستووە لەم هەلومەرجەدا رەقابەتی نێوان بزوتنەوەی شورایی یا کۆمیتەکان کارگە لەگەڵ نەقابەکان لەسەر ڕابەری کردنی بزوتنەوەی کرێکاریی دەچێتە سەر. شوراکان بەش بەحاڵی خۆیان لەگەڵ دەست باڵایی دژی شۆڕشدا بەرامبەر هەڵوەشاندنەوەو داخستنی خۆیان دەوەستنەوە. لەبەرئەوە پەیوەندی شوراو سەندیکا لەگەڵ یەکێتیەکان و هەروەها گرەنتیەک دەبێ بۆئەوەی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان لەئاییندەدا زیاتر پشتببەستن، ئیتر ئەم ڕێکخراوانە هەرجۆرێک بن، بەدیموکراسی راستەوخۆی کرێکاری.

## ماویەتی

**وەرگێرانی: کاوە عومەر**

**چاوپێداخشاندنەوەوهەڵەبڕێ: بۆپێشەوە**



# ئاسۆ کەمال: خۆپیشاندانەکانی عێراق، بەشێك لەو تابلۆ جیهانیەیە کە وێنەکانی تری له لوبنان و چیلی و فەرەنسا و ئێران و سودان و شوێتەکانی تر دەبینین کە تیایدا کرێکاران و خەڵکی کەم دەرامەت دژ بە سیستەمێکی جیهانی نیولیبرالی بورژوازی ڕاوەستاون...

## گفتوگۆی بۆپێشەوە لەگەڵ ئاسۆ کەمال، نووسەر هەڵسوراوی کۆمۆنیست سەبارەت بەخۆپیشاندانەکانی شارەکانی عێراق و ئایندەی سیاسی ئەو وڵاتە



**بۆپێشەوە: تادێت خۆپیشاندانەکانی شارەکانی عێراق بەرینتر دەبنەوە، ئایندەی ئەم خۆپیشاندان و نارەزایەتییە جەماوەریانە، چۆن دەبینن؟**

**ئاسۆکمال:** ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەر کاردانەوەیەکی شۆڕشگێڕانەیە بەرامبەر بە مافیاکانی نەوت و میلیشیاکانیان، کە لەم ١٦ ساڵەدا سەروەت و سامانێکی زۆریان بەناوی بەشی شیعەوە لەدەسەڵاتدا خواردوە و بەشی کرێکار و هەژاری کۆمەڵگەش بێکاری و نائەمنی و بێخانەولانەیی و بێ ئاو و کارەبایی بووە.

ئەم دۆخە بەرەنجامی نەخشەی نیولیبرالی بانکی جیهانی و کۆمپانیا نەوتیەکانی شەریکیان بووە و ئەم میلیشیا شیعانەش باشترین جێبەجێکاری ئەم پرۆژەیە بوون لەبەرئەوەی سەرچاوەی دەسەڵات و دەوڵەمەندبونیانە. ئەمە بەشێک لەو تابلۆ جیهانیەیە کە وێنەکانی تری له لوبنان و چیلی و فەرەنسا و ئێران و سودان و شوێنەکانی تر دەبینین کە تیایدا کرێکاران و خەڵکی کەم دەرامەت دژ بە سیستەمێکی جیهانی نیولیبرالی بورژوازی ڕاوەستاون، کە مانەوەی لەسەر هەژارترکردنی ٩٩٪ چینی کرێکار و هەژاری دنیایە لەپێناو خۆشگوزەرانی کەمایەتی ١٪.

لە وڵاتانی وەک ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەم نارەزایەتیانە لەگەڵ دەوڵەت و دەسەڵاتێکدا دەرگیرە کە نایانەوێ هیچ ریفۆرم یان چاکسازیەک لە چۆنیەتی دابینکردنی ژیان و گوزەرانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشدا بکەن، چونکە کەڵەکەی سەرمایە و قازانجی سەرمایە کەم دەکا. هەربۆیە ئەم حکومەتانە تابتوانن ئەم دۆخەی دەسەڵاتیان لەڕێگای سەرکوتەوە درێژەپێدەدەن.

ئەم ڕاپەڕینەی خەڵک لە عێراقدا ڕویەکی ڕادیکاڵی ئەوەیە کە خوازیاری گۆڕانکاری سیاسیە لە دەسەڵاتدا و بەتایبەت ڕوو بە حزبە ئیسلامیە شیعەکان و جمهوری ئیسلامی ئێرانە وەک هێزی باڵادەست. هەرچەند ڕۆشن نییە کە چ ئاڵوگۆڕێکی سیاسی دێتە ئاراوە، بەڵام وشیاریەکی سیاسی بەرامبەر بەم حزب و میلیشیا و مەرجەعە دینیانە خۆی هەڵگری دۆخێکی پێشکەوتوانەتر و ئازادانەترە لەچاو جەوی کۆنەپەرستانەی دینی ئێستادا.

ئێستا بەرەنگاری سەر شەقام ئەوە دەبڕێنێتەوە کە ئایا حکومەت ناچار بە پاشەکشە دەبێ یاخود نا؟ لەم بارەوە پێویست بە هەنگاوی ڕێکخراوانەتر و هاوئاهەنگترە بۆ بردنەوەی ئەم شەڕی سەرشەقامانە. ئەو هەنگاوانەی بۆ ڕاوەستانی هەموو دامودەزگاکان و بەتایبەت بەشی نەوت گرنگیەکی زۆری هەیە بۆ ناچارکردنی حکومەت بە دەست لەکارکێشانەوە و دابینکردنی خواستەکانی خەڵک. هەربۆیە هاوسەنگی هێز لەڕۆژانی داهاتودا ئەوە دەبڕێنێتەوە کە ئایندەی ئەم بزوتنەوەیە بەرەو کوێ دەچێ؟

**بۆپێشەوە: بەشێکی زۆر لە خوێندکاران و پاشان یەکێتی کریکارانی عیراق، و تەنانەت بەشیک لە کرێکارانی نەوتی بەسرەش هاتوونەتە مەیدان بۆ پشتیوانی لە خۆپیشاندانی شارەکانی عێراق، ئەوەش نیشانەی بەرەوپیشەوە چوونی ئاستی خۆپیشاندانەکانە، ئەم ئاڵوگۆرە چ کاریگەرییەکی لەسەر خۆپیشاندانەکان دەبێت؟**

**ئاسۆکمال:** بێگومان کرێکاران و فەرمانبەرانی بەشی نەوت بڕبڕەپشتی ئەم خەباتەن بەپێی جێگەی گرنگیان لە ئابوری عێراقدا. بەداخەوە هێشتا کرێکارانی ئەو دەورە ناگێڕن کە پێویستە. توانای ڕێکخراوەیی و سیاسی ئەم بەشە لە کرێکاران هێشتا دیارنییە. یەکێتی کرێکارانی عێراق هێشتا دەوری سەرەکی لە خۆپیشاندانەکاندا نییە و هێزێک نییە کە هەموو خەڵکی خۆپیشاندەر بەدەوریدا کۆبێتەوە تا دژ بە حکومەت وەک هێزێکی سیاسی و ڕیکخراوەی جەماوەری ڕاوەستێ، بەوچەشنەی یەکێتیە کرێکاریەکانی تونس. ئەمە پیویستە جێگای گرنگی پێدانی هەڵسوراوانی کۆمۆنیست و کرێکاری بێ و بتوانن لەم دەورانە شۆڕشگێڕانەدا ئەم یەکێتی و بزوتنەوە کرێکاریە دروست بکەن تا دەوری سەرەکی بگێڕێ.

**بۆپیشەوە: ململانێی نێوان حزب و لایەنە سیاسییەکانی عیراق، چ کاریگەریەکی لەسەر خۆپیشاندانەکان و ئایندەی خۆپیشاندانەکان دەبێت؟**

**ئاسۆ کمال:** هەندێ لایەن لەسەرەتاوە وەک حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق بانگەوازی نادروستی خەڵکیان کرد کە مەچن و بەشداری ئەم خۆپیشاندانانە نەکەن. ئەمە زوو دەرکەوت کە ترسێکی نابەجێە و نیشانەی دووریە لە ئاستی نارەزایەتیەکانی خەڵک. بێگومان ئاستی خۆپیشاندان و وشیاری سیاسی خەڵک ڕاچڵەکینێکی گەورەبوو و لەسەر و چاوەڕوانیەکانەوە بوو. ئەم ڕوداوە بۆ لوبنانیش وابوو. هەربۆیە دەبێ بزانین کە ڕەگی ئەم خۆپیشاندانەی ئەمجارە لە هاندانی ئەم حزب و لایەنانەی دەسەڵاتەوە نییە و بەوانیش کۆنترۆڵ ناکرێ بە ئاسانی، بەڵام لە ململانێی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا بزوتنەوەی جەماوەری سەرەڕای خواستی سەربەخۆی و خۆبەخۆیی خۆی دەکەوێتە ژێرکاریگەری ئەو هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتیانەوە کە هەژمونی سیاسی و فکری و ڕێکخراوەییان هەیە. هێزی جەماوەری نارازی هێشتا لە حاڵەتی سەرەتای سەپاندنی دەنگی خۆیدایە، بەڵام توانای سیاسی و ڕیکخراوەیی بۆ خۆسەپاندن بەسەر دەسەڵاتدا پێویستی بە دروستبون و بەهێزکردنە.

کاری خۆڕیخستنی خۆپیشاندەران و هاوپشتی نێوان هەموو خەلکی کرێکار و فەرمانبەر و گەنجان و ژنان و بێکاران کە لەبەغداد و هەموو شاروشارۆچکەکانی تر نیشانیان داوە بەردی بناغەی دروستکردنی بزوتنەوەیەکی سیاسی و جەماوەری نوێیە. ئەم خۆڕێکخستن و خۆبەڕیوەبەریەی کە لەمەیدانەکانی خۆپیشاندانەکان نیشانیان داوە دەتوانێ ببێتە

**لە وڵاتانی وەك ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەم نارەزایەتیانە لەگەڵ دەوڵەت و دەسەڵاتێکدا دەرگیرە کە نایانەوێ هیچ ریفۆرم یان چاکسازیەك لە چۆنیەتی دابینکردنی ژیان و گوزەرانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشدا بکەن، چونکە کەڵەکەی سەرمایە و قازانجی سەرمایە کەم دەکا. هەربۆیە ئەم حکومەتانە تابتوانن ئەم دۆخەی دەسەڵاتیان لەڕێگای سەرکوتەوە درێژەپێدەدەن.**

نمونەی ئیدارەی خۆجێی و جێگای ئەو ئیدارە گەندەڵەی ئێستا بگرێتەوە. ئەمە پێویستە لە ئێستادا وەک کۆمیتە شۆڕشگێڕەکانی شار دەست بەکاربن. پەیوەندیەکی توندوتۆڵ و شەبەکەیەکی شورا و ئەنجومەنە شۆڕشگێڕیەکان لەهەموو شوێنەکان و بەناوی هەموو ئەو شار و شەقامانەوە دروست بکرێ و ئەمە وەک تاکە مەرجەعی خۆیان دامەزرێنن بەرامبەر بە حکومەت و دەوڵەتی بورژوازی عێراق.

لێرەدا خاڵێک گرنگە کە دەبێ وەک کۆمۆنیستەکان کاری لەسەر بکەین، ئەویش ئەوەیە کە ئەم بزوتنەوە سیاسیە کرێکاری و جەماوەریە پێویستی بە یەکگرتوکردنی هەر ئێستای هەموو حزب و گروپ و ڕێکخراوە کرێکاری و کۆمۆنیستیەکانە.

ئەم شۆڕش و شەڕە چینایەتیە پێویستی بە یەکگرتوبونی تەواوی چینی کرێکار و هێزە شۆڕشگێڕیەکەیەتی، تاکو بتوانێ لەم شەڕی شەقامانەدا بتوانێ بەهێزی ملیۆنی خۆی بەرامبەر بە هێزی چەکدار و سەرکوتگەری حکومەت بەرگری بکا و سەنگەر و مەتاریسی شەقامەکانی دامەزرێنێ.

**کاری خۆڕیکخستنی خۆپیشاندەران و هاوپشتی نێوان هەموو خەلکی کرێکار و فەرمانبەر و گەنجان و ژنان و بێکاران کە لەبەغداد و هەموو شاروشارۆچکەکانی تر نیشانیان داوە بەردی بناغەی دروستکردنی بزوتنەوەیەکی سیاسی و جەماوەری نوێیە. ئەم خۆڕێکخستن و خۆبەرپوەبەریەی کە لەمەیدانەکانی خۆپیشاندانەکان نیشانیان داوە دەتوانێ ببێتە نمونەی ئیدارەی خۆجێی و جێگای ئەو ئیدارە گەندەڵەی ئێستا بگرێتەوە**

کۆمۆنیستەکان و کرێکارانی شۆڕشگێڕ و گروپ و ڕێکخراوەکانیان دەبێ ئەو پرسیارە بکەن کە ڕۆلی ڕابەرایەتی و شۆڕشگێڕانەی ئەوان لە کوێی ئەم شۆڕشە جەماوەریەداو وەستاوە؟

هەرئێستا چاودێرە جیهانیەکانیش ئەوە دەبینن کە ئەم شۆڕشە لە کاتێکدا کە دەیەوێت دەسەلاتی هاری سەرمایەداری لە عێراق بروخێنیت، بەلام خۆی ئاسۆیەکی ڕۆشنی نییە بۆ شێوەی دەسەلاتی داهاتوو چۆنێتی ریکخستنی، وە هێشتا خاوەنی ستراتیجیەکی دریژ خایەن نییە بۆ بە سەرکەوتن گەیاندنی



ئەم شۆڕشەی. ئا لێرەدایە کە دەوری کۆمۆنیستەکان گرنگی تایبەتی خۆی هەیە و دەبێت بپرسن کە ئایا چۆن دەتوانن ئەم هێزە ملیۆنیەی چینەکەیان یەکگرتوو و ڕێکخراوبکەن و بەرەو سەرکەوتنی بەرن؟ ئەگەر ئەم بەشە ڕوناکبیر و پێشڕەوە کۆمۆنیستییە خۆی پەرژو بلاوبێ و هێشتا لە قاوغی سێکتاریستی و گروپی خۆیدا بێ، چۆن جەماوەری کرێکاران متمانەیان پێ دەکەن و گوێدەگرن لە دروشم و بانگەوازی کۆمۆنیستیانەی ئەم بەشە وشیار و دەستپێشکەرە؟ بۆیە دەبێت هەرئێستا کۆتایی بەم بەش و بەشی و پەرتەوازەیی و دوور لەیەک کار کردن و پێشبڕکێی ڕیکخراوەکانیان بێنن.

ئەمرۆ لە ڕاپەڕین و خۆپیشاندانەکانی عیراقدا پێویستە هەمومان دەست بەرین بۆ نەریتی یەکگرتوکردنی ڕیزی کۆمۆنیست و کرێکاران و خەلکی شۆڕشگێڕ و ڕیزێکی بەرین و بەهێز لەو گروپ و حزب و ڕێکخراوانە پێک بێت کە خوازیاری گەشەپێدانی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئێستای خەلکی کرێکار و زەحمەتکێشی عیراقن بەرەو سەپاندنی خواستەکان و دەسەلاتی جەماوەری ڕاپەریو. شۆڕش نەک هەر کرێکاران، بەلکو کۆمۆنیستەکانیش دەگۆڕێت. کۆمۆنیستەکان کاتێک دەتوانن چینی کرێکار و خەلکی شۆڕشگێڕ یەکگرتوو بکەن کە خۆیان لە مەیدانی یەکگرتوبونی بزوتنەوەی سیاسی کرێکاراندا پێشڕەوی بکەن و سنورە سێکتاریستیەکانی خۆیان بگۆڕن بۆ سنوری بزوتنەوەیەکی سیاسی و چینایەتی کە زۆرینەی کرێکاران بگرێتە خۆی و ببنە هێزێکی سیاسی دژی دەسەلاتی سەرمایەدارانی عێراق.

**بۆپێشەوە: ئێوە لەگەڵ ژمارەیەک نووسەر و رۆژنامەنووس و کەسایەتی سیاسی و هەڵسوراوی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان لە رێگای راگەیاندنێکەوە، کەمپەینی پشتیوانی خەڵکی کوردستان بۆ خۆپیشاندانەکانی عێراق دەربڕی، ئامانج لەو پشتیوانی و کەمپەینە چییە؟ وەدەتوانێت چ کاریگەریەکی لەسەر ئایندەی خۆپیشاندانەکان هەبێت؟**

ئاسۆکمال: ئەمە پەیامی پشتیوانی ئێمە وەک کەسانی ئەنتەرناسیونالیست و بەشێک لە خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش کە هاوچارەنوسین لە عێراقدا. ئێمە خواستی باشترکردنی ژیانی کرێکاران و هەژارانی عێراق و شەڕی ئەوان دژی دەسەڵاتدارانی گەندەڵ و سەرکوتگەری عێراق بە خەباتی ئەنتەرناسیونالی هاوبەشی خۆمان دەزانین.

دەسەڵاتدارانی کوردستان لەترسی ئەوەی جارێکی تر خەڵکی کوردستان لەدژیان ڕانەپەڕێ وانیشانی دەدەن کە ئەم گۆڕانکاریانەی عێراق بە قازانجی خەڵکی کورد نابێ. بەپێچەوانەوە ئێمە پێمان وایە خەباتی خەڵکی عێراق دژی گەندەڵی و سەرکوتی میلیشیایی، دژی بەرژەوەندی هەموو ئەو هێزە بورژوازیانەیە بە کورد و عەرەب و شیعە و سونەوە، کە چەندین ساڵە سەرجەم خەڵکی عێراق دەچەوسێننەوە. هەربۆیە سەرکەوتنی خەباتی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی عێراق پشتیوانیەک دەبێ بۆ سەرکەوتنی خەباتی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستانیش بۆ ڕزگاربوون لەم دەسەڵاتە گەندەڵ و میلیشیاییەی کوردستان کە شەریکی دەسەڵاتدارانی گەندەڵ و سەرکوتگەری عێراقە.

**کرێکاران، زەحمەتکێشان،لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!**
**بلاوکراوەی بۆپێشەوە، زمانی تیژ و پاراوی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە، دەنگ و سەکۆی بزوتنەوەی نارەزایەتی سۆسیالیستیتانە، بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەکۆیەکی لێبراوە بۆ روبەروبونەوەی فکر و راگەیاندنی دارزیوو فریوکارانەی بۆرژوازی و بزوتنەوەو رەوتە سیاسی و فکری و حزبییەکانی...بلندگۆی بانگەوازی هاوچینەکانتانە بۆ هاوپشتی و هاوخەباتی، وە دەنگ و مینبەری راستەقینەی ئێوەیە لەدژی هەر زوڵم و ستەمێک کە لە کۆمەڵگای سەرمایەداری ئێستادا، بەرامبەر ئێوە دەکرێت... لەیەک وشەدا، بۆ پێشەوە، سەکۆیەک و مینبەرێکە لە بەرەی شۆرشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکاردا، بۆ ژێروژورکردنی دنیای زاڵمانەی سەرمایەداری و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستی...**
**بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانێت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی نارەزایەییەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و رێگریەکانی بەردەم خەبات و یەککرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سیبەریان، دەیانەوێ بەلارێ، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو راستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە رێگای بۆپێشەوەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تالانی دەسەلات و کۆمپانیاکانیان، هەولی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی رۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنیەکان... بە ئێمە بگەیەنن... بۆپێشەوە، دەنگی سازشهەڵنەگرو سەکۆی راستبێژی و مەیدانێکی کرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوەیە..**

bopeshawa@gmail.com www.bopehsawa.net

## درێژەی... شوراکان یان پەرلەمان

وراپەرینی جەماوەری بکەن لەدژی سیستەمی چەوسێنەرودزوگەندەڵی عێراق و کوردستان .خەڵکی هەژاروچەوساوە بەرێکخراوبوونی خۆیان لەشووراکانیاندا دەتوانن ئیدارەی شووراکان دابمەزرێنن و خۆیان کۆمەڵگا بەرێوەبەرن.

ئەگەرچی دەسەڵاتی چەوسێنەر لەکوردستان بەردەوام نەخشەی دەمەزەندکردنەوەی سستەمی چەوسێنەر پیادە دەکات لەرێگای بانگەوازانی دین و کۆنەپەرستانی کۆمەڵگەوە.شۆڕشی چەوساوەکان بەردەوام گەشە دەکات لە شاری بەغداد وشارەکانی تری عێراق خەڵکی ووشیارە داوایی ڕوخان ولەڕیشەوە دەرهێنانی سیستەمی چەوسێنەرودزومافیا وگەندەڵ دەکات.خەڵک بە ڕوح وگیانی کاری هاوبەشی ئینسانی و هاوکاری یەکتری لەمەیدانەکانی شارەکان درێژە بە شۆڕشوڕاپەڕین دەدات. خواردن وخواردنەوە و خەوییان هاوبەشە لەپێناو هێنانەدی نان، کار، ئازادی ئیدارەدانی شوورایی. هەر ئەم جۆرە تێکۆشانەی خەڵکی لە ساحەی تحریری بەغداد کار کرداری ئیدارەدانی شوورایی یە کە خۆبەشانە بەهەرەوەزکاری کارەکانیان ئەنجام دەدەن.بەردەوام دروشمەکانی هەموو دەسەڵاتێک بۆ خەڵک بەرز دەکەنەوە.وەستا و کرێکارانی ئاسنگەری شمەکی بەرگری و درعی بەرگری و پرژینی بەرزی دروست دەکەن بۆ کەمکردنەوەی قوربانی یەکان کە لەلایەن مافیا وچەکدارە چەتەکانی دەوڵەتەوە کە دەکرێنە ئامانج .بەڵام لەکوردستاندا دەسەڵات دەیەوێت بۆنە ویادە ئاینی یەکان بۆ دەمەزەنکردنەوەی دەسەڵات وسیستەمی چەوسێنەرو گەندەڵ ودزومافیاکان بەکاربهێنێت ،پارەی گشتی خەڵکی هەژاری کوردستان بۆ بۆنە ئاینی یەکان بەکاردێنێت و خەڵک کۆدەکاتەوە .دەسەڵات بەردەوام کار دەکات بۆ ئاریشدانەوەی هێزی چەوسێنەرونابەرابەری بەسەر کۆمەڵگای کوردستاندا ،بەڵام ئەم دەمەزەندکردنەوەیەش کاتی یە بۆ ڕازیکردن و مەشخولکردنی خەڵکی بێکاروهەژاروچەوساوەی کوردستانە .ئەبێت هەموولایەک ئەوەبزانێت تارمای شورشی چەوساوەکان لەکودستانیش وەکو هەور دێت ودەچێت لەناودڵی هەرمرۆڤێکی چەوساوە و هەژاروبێکاری کوردستان.،

لەداهاتوودا ئەم تارمایەی هەورە بەدڵنیاییەوە دەبێتە بارانی شۆڕشی چەوساوەکان، ئەوسا ئەم جۆرە دەمەزەندکردنەوەیەی ئایینی و نەتەوایەتی دادی چەوسێنەران نادات، بەڵکو ئەوڕۆژەی چەوساوەکان وشیار دەبنەوە و زەنگی ڕاپەرین و شۆڕشی گەنجان و لاوانی کوردستان سەرتاپایی قەڵایی زۆرداری و چەوسێنەری نایەکسان و نابەرابەرو دزو گەندەڵکاران دەڕوخێنن، بەیەکەوە لەتێکۆشانی هاوبەشی چینە چەوساوەکانی سروودی ئاسۆیەکی نوێ بۆ ژیانێکی باشتر دەڵێنەوە. با چینە چەوساوەکانی کوردستان شان بەشانی ئازادیخوازان و یەکسانیخوازان بێنە مەیدانی تێکۆشان بۆ داکۆکیکردن و پشتیوانیکردن لە خواست و داواکارییە ڕەوا وئینسانییەکانی شۆڕشی چەوساوەکانی عێراق، لەکوردستانیش دروشمی ڕوخانی دەسەڵاتی گەندەڵ و دز بەرز بکاتەوە، خەڵکی ناڕازی لە قۆناغی ئێستا وشیارانە کاربۆ پێکهێنانی شووراکانی گەرەک و شارەکانی بکات، لە ناو مەیدانەکانی شارەکاندا خەڵک شووراکانی خۆی هەڵبژێرێت بۆ کارکردن بۆ فراوانکردنی ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانەکانی کوردستان کەئەمجارە قۆناغی لوکاڵی وناوچەیی تێپەڕێنێت، بەپشتیوانی ئازادیخوازان و خەڵکی شۆڕشگێڕی کوردستان ئەم ناڕەزایەتییانە بکرێنە ناڕەزایەتی گشتی و سەراسەری لەکوردستان. ئەمەش دەکرێت لەڕێگای دامەزراندنی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی شووراکانی خەڵکی ناڕازی لەکوردستان، چونکە کارکردن بە ئیدارەدانی شوورایی لەکاتی ناڕەزایەتییەکاندا زامنی بە دەستهێنانی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستانە، دەربازبوونە لەشێوەی کاری حیزبی سێکتاریستی ومەحفەلیزمی وگرووپ وڕێکخراوبەندی. کاری شووراکان هێنانەکایەوەی ئاسۆیەکی نوێ یە لەتێکۆشانی مرۆڤایەتی کۆمەڵکاری و هەرەوەزکاری جوان، دەکرێت سوود لەنموونەکانی گۆڕەپانی تەحریر لەکاری هەرەوەزکاری بگوازرێتەوە بۆ مەیدانەکانی شارەکانی کوردستان کە خەڵکی ناڕازی لەسەرەتایی هەنگاوەکانیانەوە پشت بەئیرادەی خۆیان ببەستن لەگەڵ ناڕەزایەتی وخۆپیشاندانەکان دا شەقامەکانیش جوان و پاک بکرێنەوەو نەمام وگوڵەکانیش ئاوبدرێن. ئەمەش بۆئەوەیە لەچوونەپێشەوەی هەر هەنگاوێکی خەڵکی ناڕازی و ڕاپەری و لەکوردستاندا لەڕوویی ئیدارەدانی جەماوەری و کارگێڕییەوە دەسەڵاتەکانی خودی خەڵک لەرێگایی شووراکانیانەوە ڕەگدا بکوتێت و نەگەڕێتە دواوە، پاشەکشە نەکات، هەتاوەکو لەداهاتوویی گۆڕانکاری سیستەمی چەوسێنەر ودزو گەندەڵ بەرەو سیستەم ودەسەڵاتدارێتی خەڵک لەجۆری ئیدارەدانی شوورایی دا بگوازرێتەوە، تەواوی تاکەکانی هاوڵاتی کوردستان لەرێگایی شووراکانیانەوە بەشداری ئیدارەدان و چاودێریکردنی سەرجەم بەشەکانی حکومەتداری بێت.

## درێژەی هەواڵی ناڕەزایەتییە کرێکاریی جەماوەرییەکان...

تیمەکەوە بە دەسەڵاتدارانی هێڵی هەوایی ئەڵمانی و دەسەڵاتدارانی فڕۆکەخانەی لوفسانساش ڕاگەیاندبوو.

خۆپیشاندانی دانیشتوانی چەندین دێهاتی فەلەستینی لەسەر تێکچوونی ڕەوشی خوێندن!

بە پێی هەواڵێک کە لە ألحوار ألمتمدن دا بڵاوکراوەتەوە و ئەوانیش لە قەناتی ألعالمی ئێرانی وەریان گرتووە دانیشتوانی چەندین دێهاتی فەلەستینی دەستیان کردووە بە خۆپیشاندان لەبەر تێکچوونی ڕەوشی خوێندن و پەروەردەی منداڵەکانیان.

هەر بەپێی هەواڵەکە ژمارەی ئەو گوندو دێهاتانەی کە دانیشتوانەکانیان خۆپیشاندانیان ئەنجام داوە گەیشتۆتە حەوت دێهات.

جەماوەری دێهاتەکانی وەک : أم بطين، والسيد، ودريجات، وكحلة، ومولدة، ومكحول، وترابين الصانع . جێگەی باسە کە ئەو دێهاتانە دەکەونە ئەو ناوچەیەی پێش ١٩٤٨

بە پێی هەواڵەکە نوێنەرو قسەکەرانی جەماوەری ئەو دێهاتانە لە کۆبوونەوەیەکدا کە ڕۆژی پێشتر ئەنجامیان دابوو بڕیاری ئەو خۆپیشاندانەشیانداوە.

ئەوان دەڵێن ڕەوشی خوێندن تەواو تێک چووەو گرنگی پێنادرێت لەلایەن دەسەڵاتدارانی پەروەردەو فێرکردنەوە. تەواوی ساختمان و ئاوەرۆو ئاودەستی خوێندنگاکان باش نییەو پێویستی بە نۆژەنکردنەوە هەیەو دسەڵاتدارانیش گوێی پێنادەن. پێداویستیەکانی خوێندن وەک و پێویست بۆ منداڵەکانیان لە باخچەی ساوایان و بەشەکانی تری خوێندن دابین ناکرێت و گرنگی پێنادرێت. ئەمان ئەوە بە سیاسەتی دەسەڵاتداران دەبینن لە دژی جەماوەری ئەودێهاتانە.

ئەم هەواڵە لە ڕاگەیاندنەکانی ئیسرائیلیشدا بە زمانی عیبری بڵاوکراوەتەوە بۆ نموونە ئیزاعەی عیبڕی.

## درێژەی دوا وتە

ناسنامە داتاشراوانە، ئەوانەی کەمایەتین، ماف و دەسەڵاتی کەمتر و ئەوانەی زۆربە یان زۆرایەتین ماف و دەسەڵاتی زۆر و زۆرتریان هەیە... بەمەش مافی تاک و پێگەی هاوڵاتی، کراوەتە قوربانی ئەو ناسنامانە و لەوەش زیاتر خولقاندنی ژینگەی قوڵکردنەوەی ناسنامە قەومی و دینی و مەزهەبی و تایفیەکان... لەوەها حاڵەتێکدا و لەهاوسەنگی باڵانسی هیزی ئێستادا، بزوتنەوەی کوردایەتی دەبێتە قوربانی، بەتایبەتیش کەبزوتنەوە سیاسییە دینی و قەومیەکانی عێراق، هیچ تەبایی و لێکچوونیکیان لەگەڵ پوچترین دیموکراسی باوی بۆرژوازی نییە.

ناسیونالیزمی کوردیش بە پێی هەمان لۆژیکی دابەشکاری قەومی، کە لەلایەکەوە سەرچاوەی شەق شەقەکردنی کۆمەڵگەی عێراق و لەلایەکی ترەوە سەرچاوەی کیشە و ململانێ نەبراوەکانی نیوان هەولێر و بەغدایە، دەیانەوێت دەستور بەم شیوەیەی ئێستا، پەیوەندی نیوان بەغدا و هەولیر و مافە دەستوررییەکانی! هەریمی کورد نشینی فیدراڵ، بەدەست لێنەدراوی بهێڵێتەوە. هیشتا دڵیان بەو دەستورە خۆشە، کە رۆژانە باسی پیادەنەکردن و جێبەجینەکردنی دەکەن...

ئەم حزبانەی بزوتنەوەی کوردایەتی، وەکو لێیان چاوەروان دەکرێت، هیچ ئاماژە و پیداگرییەکیان لەسەر ئەوەنییە، کە دەبێ دەستور مۆدێرن بکرێت، مافی هاوڵاتی مەبنا بێت، یاسای بەرابەر باڵ بکیشێت بەسەر تاک بەتاکی هاوڵاتیان بی گویدانە ناسنامە دینی و قەومی و تایفی و مەزهەبیەکان، بیگویدانە زۆرایەتی و کەمایەتی... بەڵکو ئەوان پیش وەختە لە دیدی ناسنامەی قەومییەوە وێلی بەشی خۆیانن لەدەسەڵاتدا، بێ لەبەرچاوگرتنی ناوەرۆکی ئەو دەستورەو توانایی جێبەجێ بوونی.

بزوتنەوەی کوردایەتی و حزبەکانی، لەژێر سایەی هیچ هەلومەرجێک و دۆخێکدا، بۆ یەکجاریش ئامادەنین، روویەک، گۆشەیەک، لە ئازادیخوازی نیشان بدەن یان ئاوڕێکی لێبدەنەوە... ئەمەش خۆ بەشێکە لە ناسنامەی کۆنەپەرستانەی ئەم بزوتنەوە بۆرژوازییەی کورد.

خەڵکی عێراق لە خۆپیشاندان و راپەرینەکانیاندا، سنورە دەستکردەکانی دین و مەزهەب و تایفیەکانیان، حزب و لایەنە سیاسییەکانیان، رەمزو کەسایەتیە فوتێکراوەکانیان، تێپەڕاند. بە ملیۆنان کەس بەدژی دەسەڵات و ئەو حزب ولایەن و کەسانەدا، بێ گوێدانە ناسنامە دینی و مەزهەبی و تایفیەکان و هات و هاواری حزب و رەوتە سیاسیەکان، هاواری کۆتایی هێنان بەدەسەڵات دەکەن رادەگەیەنن، کەچی ناسیونالیزمی کورد لەجێگای ئەوەی ئەوە بە نیعمەتێک بزانێت، و لە نیویشدا پرسی هەمواری دەستور لە تەوافوقی و مۆر و نیشانی قەومی و دینی و مەزهەبی و تایفی، دابتەکینرێت. دەستور بنەماکەی ببێت بە ناسنامەی هاوڵاتی بوون و سەنەدێکی مۆدێرن و ئازادیخوازنە. زۆرایەتی و کەمایەتی، مەبنای دەسەڵات و رادەی مافەکان، دیاری نەکات. لەجێگای ئەودا وێڵی مافی " کورد" !!ن. بزوتنەوەی کوردایەتی و حزبەکانی، نووسەرانی مۆڵەپێدراویان، مافی کورد لەدەستورێکی مۆدێرندا نابینن، بەڵکو بەدوای هەمواری دەستورێکەوەن کە ئەوەی ئێستایان بەدەست لێنەدراوی بۆ بهێڵێتەوە.

ئەوە لەکاتێکدایە کە ئەم دەستورەی ئێستا، نەک نەبۆتە چەترێک بۆ کۆکردنەوەی هاوڵاتیان عێراق و دیاریکردنی یاساو ریساکان و ماف و ئەرکی دانیشتوان، بەڵکو خۆی سەرچاوەی دابەشکاری، بیمافی و هەڵاواردنی قەومی و دینی و ریشەی بە فەرمی کردنی نابەرابەری حقوقی هاوڵاتیانە.

ئاڵوگۆر یان هەمواری دەستور، ئەگەر لە رێڕەوی پیشڕەوی بزوتنەوەی شۆرشگێرانەی ئێستای عێراقدا و بەسەرکەوتنی ئەو بزوتنەوەیە گرێ بدرێت، و بچێتە پێشەوەو دەستی بۆ ببرێت، هەموو پایە بنەرەتییە داوکەوتوو، هەڵاواردن ئامیز، کەدەستوری لەسەر بیناکراوە، دادەڕوخێت و زەمانەتی دەستورێکی مۆدێرن لەسەر پایەی ئازادیخوازی و ئینسان دۆستی و یاسای بنەرەتی مافی هاوڵاتی بوون، پیدەگرێت. بزوتنەوەی کوردایەتی کە ناکۆکی لە چارەهەڵنەگری لەگەڵ دەستورێکی ئاوا ئازادیخوازانەدا هەیە، وەکو باقی هیزو رەوتە قەومی و دینییەکانی مەزهەبی و تایفیەکانی عیراق، خۆی وەکو قوربانی دەبینێ. بۆیە نیگەرانی ناسیونالیزمی کورد، نیگەرانییە لە سەرکەوتنی بزوتنەوەی شۆرشگێرانە لە عێراقدا، و هاوکاتیش لە ئاڵوگۆری دەستوردا لە ژێر هەژموونی ئەم بزوتنەوە و راپەرینەی عێراقدا. بزوتنەوەی کوردایەتی نەک هەر چارەنووسی خۆی بە بوونی رەوتە سیاسی و کۆنەپەرستە قەومی و دینی و مەزهەبی و تایفیەکان و دەسەڵاتی ئەوانەوە بەستۆتەوە هاوکات دەسەڵاتی سیاسی لە عێراقدا بەدەست لێ نەدراوی و قابیلی ئاڵوگۆر نەبوون دەبینێ. وە هیچ ئامادەیەکیشی نییە بۆ ئاڵوگۆری خێرا لە عێراقدا. کە دەتوانین ئەم مامەڵەی ناسیونالیزمی کورد وەکو داخرانی ئاسۆی داهاتوی سیاسی ئەو ببینرێت... خەریکە ئاڵوگۆرێکی بەرچاو گرنگ روودەدات لە ناوچە و عێراقدا، بزوتنەوەی کوردایەتی و حزبەکانی رۆڵی چاودێر دەگێرن و لەچاوەروانیدان بێئەوەی هیچ پرۆژەیەکیان لەم دۆخەدا هەبێت... هەر بۆیەشە لە دیدی هەمواری دەستورەوە چاو لە ناوچەکە و عێراق دەکەن، بێئەوەی لەوە حاڵی ببن، کە خودی دەوڵەتی عێراق و سیستەمی سیاسی بە دەستوریشەوە لەبەردەم ئالوگۆڕی جدیدایە، کە ئەم ئاڵوگۆرە کاریگەری زۆر بەرجەستەی لەسەر وەزعی سیاسی کوردستان و ئایندە سیاسیەکەی دەبێت.

خەڵکی کوردستانی عێراق، ئەرکیانە لە نیوان بزوتنەوەی ئازادیخوازانەو شۆرشگێرانەی عیراق و دەسەڵاتی گەندەڵ و شکستخواردوی بزوتنەوەی کوردایەتیدا، خۆیان بەبەشیک لە بزوتنەوەی شۆرشگێری عێراق بزانن و لەو نێوەشدا بڕوانە داهاتووی عێراق و دەستور و هەمواری دەستور.

**عەبدوڵا مەحمود**

سالی سێهەم، ژمارە (63) 1/11/2019 دوا لاپەڕە

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

Forward

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید
نووسەرانی ئەم ژمارەیە:
شوانە حەسەن، ئاراس رەشید، عەبدولا مەحمود، عەبدالرحمن رەسول، هیوا ساڵح، کاوان قادر، حەکیم میرزا، نوری بەشیر، ئەکرەم عەبدولا، سالار حەمە سەعید، فوئاد عەزیز،ئەحمەد جوانکار، سەردار عەبدولا، شوان عەزیز ...
لەگەڵ دۆسیەیەکی تایبەت
بەناوی"خۆپیشاندانەکانی عێراق و ئایندەی سیاسی عێراق"

بۆپێشەوە
سەرنووسەر: عەبدولا مەحمود
ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد
بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
bopeshawa@gmail.com
بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:
abdulla.mahmud@gmail.com
بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆ پێشەوە سەردانی سایتی بۆ پێشەوە بکەن:
www.bopeshawa.net

# دوا وتە

## ناسیونالیزمی کورد و هەمواری دەستور



له ژێر گوشاری خۆپیشاندانەکانی شارەکانی عێراقدا، حکومەتی عادل عەبدلمەهدی بریاری هەمواری دەستور یدا. لەبەرامبەر بەو بڕیارەدا حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی ئارامیان لێ براوە. لەلایەکەوە ترسیان هەیە عادل عەبدول مەهدی فریای ئەنجامدانی دەستور نەکەوێت و دەست لەکار بکێشێتەوە، کە ئەمەش ریسی رێکەوتنامە دڵخوازەکانی لەگەڵ هەریم دەکاتەوە بەخوری و دیار نییە ئایندەی پەیوەندی هەرێم و بەغدا چی بەسەر دیت. لەلایەکی تریشەوە ترسیان لەوەیە ئەم خۆپیشاندان و نارەزایەتیانە بە روخاندنی حکومەت تەواو بێت و ئاسەوارێک لە پەیوەندیەکانی پیشوی بەغدا بە هەرێمەوە نەمینێت و پرسی موچە ناردنیش و توشی هەڵپەساردن ببێت. جیا لەوانەش ترسی ناسیونالیزمی کورد لە پەڕینەوەی ئەو خۆپیشاندانانە بۆ هەرێم، مۆتەکەیەکی ترە بۆ شڵەقاندنی ئەو گۆمی مەنگەی لەژێرەوە لەدژی دەسەڵاتی تاڵانچیان دەکوڵێت. ئەو ئەگەرانە هەموویان پێشبینی کراون و جیگای مەترسین بۆ دەسەڵاتی هەرێم...

لەناو هەموو ئەو ئەگەر و پێشهاتانەدا، پرسی هەموار کردنەوەی دەستور، مایەی هەراسانی بزوتنەوەی ناسیونایزمی کوردە. هەموو حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی بەتایبەتیش حزبەکانی پیکهێنەری حکومەت!! پەیتا پەیتا پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن کە هەمواری دەستور نابێت مافە دەستورییەکانی هەرێم، دەستکاری بکات. نابێ بێ بەشداری کورد!! دەستور هەموار بکرێت. لەوەش واوەتر زوربەی هەرەزۆری نووسەران و رۆژنامەنووسانی بۆرژاوزی کورد، بەوانەشەوە کە دەماری ملیان بۆ دژایەتی دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی جار جار بەرزدە بۆوە، نیگەرانن لە هەمواری دەستورو چوونەتەوە سەر ئەسڵی خۆیان و ماڵە باوانیان، کە بزوتنەوەی شکستخواردووی کوردایەتییە.

هەروەکو چاوەڕوانکراوە، بزوتنەوەی کوردیەتی و حزبەکانی، هیشتا نایانەوێت لەوە حاڵی ببن، یان دان بەشکستی واقعی دەستوردا بنێن. دەستوری عێراق، لە هاوسەنگی هێزی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان لە برگەیەکی دیاریکراودا، نووسراوە. بۆیە دوبارە هینانە گۆری باسی هەمواری دەستور بەجیا لەوەی لە ژێر گوشاری خۆپیشاندانەکاندایە بۆ خاوکردنەوەی خۆپیشاندانەکانە، بەڵام بەپێی ئەو ئاڵوگۆرانەی لە ١٤ساڵی رابردوودا لە هاوسەنگی هێزەکاندا پیکهاتووە، ئاڵوگۆری تیا دەکرێت. لەو حاڵەتەشدا و بە پیگەیەی ئیستا ناسیونالیزمی کورد هەیەتی کە لەچاو دوای روخاندنی بەعس، زۆر لاواز بووەو هەر ئاڵوگۆر و هەموارێک بە زیانی خۆی تەواو دەبێت.


ئاڵوگۆر لە دەستوریکی دواکەوتوانەدا کەلەجێگای مافی هاوڵاتی بوون لەبەرامبەر یاسادا، لەسەر بنەمای قەومی و دینی و تایفی بەشی ئەوان نووسراوە. بەشی تاکی عێراقی دابەشی ناسنامە قەومی و دینی و مەزهەبی و تایفیەکان کردووە. بەپێی ئەو

بۆ لاپەڕە 16

# بۆ کارڵ مارکس

هۆنراوە ی : هێرمان خۆرتەر Herman Gorter (1864_1927)

وە رگێرانی : ئە حمەد جوانکار



{بۆ کارڵ مارکس} Herman Gorter
هۆنراوە ی : هێرمان خۆرتە ر (1864-1927)
وە رگێرانی : ئە حمە د جوانکار



هاورێم
تۆ بۆترونکردمەوە ،
کە چارەسەری
نهێنیەکانی دنیا.. کارە.
ئینسان لە ڕێگە ی کارکردنی
بەردەوامەوە
بە رە هایی دەگات .
کرێکاران تەنها
لە ڕێگەی کارەوە ئەتوانن
راستییەکان نیشانی خەڵک بدەن .
ئەوە ئەبێتە ماتریالیزمێکی
بەرزوو تەنیاو
بە دوور ئەبێت ..
لە هەموو میسالیەتێکی ساختە .
هەر کەسێك توانی
بەو هوشیاریەوە بیربکاتەوە ..
هزروو رۆحی ئازاد دەبێتوو
بە ئازادی ڕاستەقینە دەگات




تازەترین بەرهەمی هونەرمەند سەردار عەبدوڵا